لیۆنێل مێسی

یاریزانێکی تۆپی پێی ئەرژەنتینی

پێویستە ئەم وتارە نوێبکرێتەوە.

زیاتر بزانە

شێوازی ئەم وتارە لەگەڵ پێوەرە فەرمییەکانی ویکیپیدیا ناگونجێت. لەوانەیە پەڕەی وتووێژ پێشنیاری گونجاوی بۆ ئەم مەبەستە لەخۆ گرتبێت. بۆ ڕێنوێنیی زیاتر بڕوانە شێوازی ستانداردی نووسینی ویکیپیدیا. زیاتر بزانە

لیۆنێل مێسی (گۆکردن بە ئیسپانی: [ljoˈnel anˈdres ˈmesi] (گوێگرتن))یاریزانی پێشووی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی و ئێستای یانەی پاریس سانجێرمانی فەڕەنسی، لە ٢٤ حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ لە دایکبووە[٤][٥] لە تەمەنی ٦ ساڵیدا دەستی کردووە بە یاریکردن[٦] لە شاری (فراندولی) لەو یانەیەی کە باوکی لە ئارجەنتین بەڕێوەی دەبرد لەو کاتەدا سەرنجی خەڵکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و بە خێرایی بروسک و ناوبانگی دەرکردووە کە لەگەڵ برا گەورەکەی (ڕۆدریگۆ) لە یانەکە دا یاریان کردووە، دکتۆرەکان پشکنینیان بۆ میسی ئەنجامدا بینیان دووچاری کەمبوونی (هۆرمۆنی ئیسک) هاتووە[٧][٨][٩][١٠][١١] کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەردەوامی لە یاریکردن داو لە بەردەم گەشەکردنی. بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی گەورە هەبوو پارەیەکی زۆری دەویست کە لە توانای (ئارجەنتین) نەبوو، ئەمە و باوکی پەیوەندی بە چەند خزمێکی کرد لە هەرێمی (کاتالۆنیا) ئەو سەفەرەیان کرد بۆ (ئیسپانیا لەوێ یانەی بەناوبانگی (بارسێلۆنا)ی ئیسپانی خستییە ژێر چاودێری کە لەگەڵ یانەکەیان یاری بکات لە (ئەمریکای باشوور). لە یەکەم دەرکەوتنی (میسی) بە درێسی بارسێلۆنا لە یارییەکەدا توانی (٥) گۆڵ تۆمار بکات و وەک یاریزانێکی توانا دەرکەوت لەوکات دا یانەی بەرشەلۆنە سەرسام بوو پێی خەرجی چارەسەرکردنی خستە ئەستۆی لەو کاتەی درێژی میسی (١٤٠سم) بوو، نەشتەرگەرییەکەی بە سەرکەوتوویی بۆ ئەنجامدراو درێژی گەیشتە ١٦٩ سم. میسی بەرامبەر ئەو چاکەیە باشترین یاری ئەنجامدا و توانی (٣٧) گۆڵ تۆمار بکات بۆ بارسێلۆنا، و ئەو چواردە مانگەیەی کە میسی لە بارسێلۆنا بووە ئەستێرەیەکی جیهانی تۆپی پێ.

لیۆنێل مێسی

مێسی لەگەڵ ئەرژەنتین لە جامی جیهانیی فیفای ٢٠١٨

زانیاری کەسایەتی	
ناوی تەواو	لیۆنێل ئەندرێس مێسی[١]
ڕێکەوتی لەدایکبوون	٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٧[٢] (٣٤ ساڵ)
شوێنی لەدایکبوون	ڕۆزاریۆ، ئەرژەنتین
باڵا	١،٦٩م[٣]
جێگای یاریکردن	هێرشبەر
زانیاریی یانە	
یانەی ئێستا	پاریس سان جێرمان
ژمارەی یانە	٣٠
ئەزموونی گەنجی	
١٩٩٢-١٩٩٥	گراندۆلی
١٩٩٥-٢٠٠٠	نیۆڵز ئۆڵد بۆیز
٢٠٠٠-٢٠٠٣	بارسێلۆنا
ئەزموونی پڕۆفیشناڵ*	

ساڵەکان	یانەکان	یاری†	(گۆڵ)†
٢٠٠٣-٢٠٠٤	یانەی بارسێلۆنا سی	١٠	(٥)
٢٠٠٤-٢٠٠٥	بارسێلۆنا بی	٢٢	(٦)
٢٠٠٤-٢٠٢١	بارسێلۆنا	٥٢٠	(٤٧٤)
٢٠٢١–	پاریس سان جێرمان	١٧	(٦)
	هەڵبژاردەی نیشتمانی‡		
٢٠٠٤-٢٠٠٥	ئەرژەنتین خوار ٢٠ ساڵ	١٨	(١٤)
٢٠٠٨	ئەرژەنتین خوار ٢٣ ساڵ	٥	(٢)
٢٠٠٥ –	ئەرژەنتین	١٥٦	(٨٠)

خەڵاتەکان

Men's football

Representing ئەرژەنتین

جامی جیهانیی فیفا

Runner-up	جامی جیهانیی فیفای ٢٠١٤

کۆپا ئەمریکا

Winner	بەڕازیل ٢٠٢١
Runner-up	فەنزوێلا ٢٠٠٧
Runner-up	چیلی ٢٠١٥
Runner-up	ئەمریکا ٢٠١٦
3	بەڕازیل٢٠١٩

یارییەکانی ئۆڵمپیک

G	بێیژینگ٢٠٠٨	تەمەنی خوار ٢٣ ساڵی

جامی جیهانیی فیفا خوار ٢٠ ساڵی

Winner	هۆڵەندا ٢٠٠٥	ئەرژەنتین خوار ٢٠ ساڵ

South American U-20 Championship

3	Colombia 2005

- ئەزموونی پرۆفیشنالّی تەنیا یاری و گۆڵەکانی خوولی ناوخۆ هەژمارکراوە. and correct as of 23:55, 19 September 2021 ((UTC)).

† یاری (گۆڵ).

National team caps and goals correct as of 9 September 2021 ‡

لە ساڵی ٢٠٠٤ یانەی ئیسپانی داوایی لە میسی کرد لە هەڵبژاردەکەیان یاری بکات و ڕەگەزنامەی ئیسپانیای پێ بەخشرا بەڵام میسی خۆشەویستی و لایەنگری بۆ ئارجەنتین بوو.[١٢] ئەمە بووە هۆی ئەوەی یاری بۆ گەنجانی ئەرجەنتین بکات بەرامبەر (پاراگوای) ئەمجارە میسی یارییەکی بۆ بارسێلۆنا ئەنجامدا بەرامبەر بە ئیسپانیۆل توانی بە گۆڵێک سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەمجارەیان لە یاری نێوان بارسێلۆنا و باسیستی ساڵی ٢٠٠٤–٢٠٠٥ بچێتە هۆڵەندا لەمەیان لەیاری پاڵەوانی لاوان بشداری کرد و توانا و هونەری کردنی بۆ جیهان دەرخست گەنجەکان پێی سەرسام بوون ڕاهێنەری (کۆڵۆمبیا) وەک باشترین یاریزانی گەنج ناساندی لەو یاریییەدا سەرکەوت ونازناوی یاریزانی قاچ زێڕینی پێ بەخشرا بەو گۆڵانەی تۆماری کردن. میسی وەک یاریزانێکی بەناوبانگی جیهان ناسراو پێشکەوت وەک ئەفسانەیەکی تۆپی پێ ناسرا. هەندێک وەک مارادۆنا بەیاریزانێکی بەهرە دار پێی سەرسام بوون، ئەو یاریزانە وای دەزانی ئەوە خەونێکە بەڵام کۆششی و هەوڵدان بوو سەرکەوتنی مسۆگەر کرد. میسی ئەستێرەیەک بوو بەختێکی باشی هەبوو کەوا فێربوو چۆن ببێتە یاریزانێکی وا توانا و بەناوبانگ ناوی بکەوێتە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئارجەنتین. لە یاریییەکی نێوان (ئارجەنتین و مەجەر) لە دوایی دوو خولەک ناوبژیوان کارتی سووری بە ڕوویدا بەرزکردەوە کە بووە هۆی نیگەرانی میسی.

میسی لە کۆتایی یاریکردنی یانەکەیان بۆجامی جیهانی کە لەنێوان پاراگوای و ئەرجەنتین بوو توانی لە تایمی دووەم بەشداری بکات بەڵام نەی توانی گۆڵی بەرامبەر بکات بەڵام لەیاریییەکی چاوەڕوانکراودا کەلە نێوان یانەی پیرۆ ئەنجام دەدرێ جەماوەرەکەی چاوەڕوانییەکی باشی لێدەکەن کەسەرکەوتن بەدەست بهێنێت میسی وەک مارادۆنا بناسرێ و تیپەکەیان دڵخۆش بکا، و هەروەها دۆستیکی خۆشەویستی ڕۆنالّدینهۆ ی ئەستێرەی تۆپی پیی بەڕازیلە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو کاتەی ڕۆنالّدینهۆ لە بارسێلۆنا یاری دەکرد هاوکارێکی مەزنی میسی بوو کە پاسە جوانەکانی بۆ میسی بوونە هۆیسەرەتای دەرکەوتنی میسی و ناساندنی بە میدیاکان، کە میسی خودی خۆی دان بەم ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت (ڕۆنالّدینهۆ هاورێیەکی خۆشەویستمە وەک مامۆستای خۆم تەماشای دەکەم و شتی زۆری لێوە فێربووم)

ژیان

کاتێک تەمەنی پێنج ساڵان بوو دەستی کردن بە یاریکردن بۆ یانەیەکی ناوخۆیی بە ناوی گراندۆلی[٥][١٣] کە باوکی ڕاهێنەری ئەو یانەیە بوو. پاشان لە ساڵی ١٩٩٥ ڕوویکردە یانەی نیویلّس ئۆلّد بۆیس کە لە شارەکەی خۆی ڕۆساریۆ بوو.[١٤][١٥]

بە بەهرەیەکی زۆرەوە لەگەڵ یانەی نیولز دەرکەوت، بە تێپەڕبوونی کات هەست بە بچووکی بالّای و خاوی لە گەشەی دەکرا،[١٦] ئەم کێشەیەش بە پلەی یەک خانەوادەکەی نیگەرانکرد و بە پلەی دووەمیش یانەکە، دایکی میسی لەو بارەیەوە دەڵێت: بەراوردمان لە نێوان ئەو و خوشک و براکانی دەکرد بە ئاسانی هەستمان بە بچووکی بالّای دەکرد بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی.

لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٧ کاتێک تەمەنی ١٠ ساڵ بوو بالّای میسی لە مەترێک و ٢٧ سم تێپەڕی نەدەکرد، بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو کێشەیە خێزانەکەی بڕیاریاندا پیشانی پزیشکێکی تایبەتمەندی بدەن سەبارەت بە بچووکی بالّای.

دیگۆ شوارزستاین پزیشکی بەرپرس لە نەخۆشخانەی شاری ڕۆزاریۆ دەڵێت: میسی یان بۆ هێنام و پێیان وتم ئەستێرەیەکی تۆپی پێی بەهرەدارە و دەبێت ئاگاداری بم، ئەرکی من یارمەتیدانی بوو لە گەشەکردنی، پزیشکەکان دوای چەند پشکنینێک بۆیان دەرکەوت هۆکارەکەی کەمی بەرهەمهێنانی جینێکی تایبەت بە گەشەیە لە لەشی میسی، چارەسەرەکەش ئەوە بوو ڕۆژانە دەرزی تایبەتی بۆ بکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ ئەوەی جێگای ئەو هۆرمۆنە بگرێتەوە کە لە لەشی میسی کەمبوو، خێزانەکەی نیگەرانبوون کە کوڕە نۆ ساڵانەکەیان دەبێت ڕۆژانە دەرزی لێبدرێت و ئازاری جەستەی بدرێت، بۆ زیاتر لە دوو ساڵ میسی هەمووکات دەرزییەکی پێبوو تایبەت بە هۆرمۆنی گەشەی دەستکرد کە لەژێر کۆگای جلەکانی دەیشاردەوە.

خوان کالۆس لیگۆپمان هاورێی بنەماڵەکەیان، درێژەی ئەو باسەی لایە و دەڵێت: ئەو لەسەر جێگای نوستنەکەی پێش خەوتن دەرزییەکەی لە قاچی دەدا و نەشی دەهێشت کەس یارمەتیبدات کاتێک تەنیا ٩ ساڵ بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خێزانەکەی زیاتر نیگەرانبوون بۆ کوڕەکەیان، ڕوبەڕووی کێشەیەکی تر بوونەوە، ئەویش پارەی مانگانەی دەرمانەکان بوو کە ١٥٠٠ دۆلار بوو، هەوە ئەو برەش لە توانای خێزانەیەکدا نەبوو دایکی میسی دەڵێت: نرخەکەی زۆر گران بوو و لە توانای ئێمە نەبوو بیدەین، (وەزارەتی دارایی) لە ڕێگای دامەزراوەیەکی خێرخوازی و بە هاوکاری کۆمەڵەی ئەپێندەر بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ماوەی تەنیا دوو ساڵ یارمەتیان داین، دواتر ڕەتیان کردەوە چی تر یارمەتیمان بدەن. دوای بڕینی هاوکارییەکە، دەرمانەکە پێویست بوو بۆ میسی هەم وەک داهاتووی مرۆڤێک و هەم وەک ئەوەی چارەنووسی یاریکردنی لە مەترسیدابوو. خێزانەکەی لە هەموو درگایەکیاندا بۆ پەیداکردنی پارەی دەرمانەکانی میسی، بۆیە باوکی میسی ناچاربوو قسە لەگەڵ یانەی نیۆلز بکات و دوای هەوڵێکی زۆرئەوان ڕازیبوون چەند دەرمانێکی سەرەتایی بۆ دابین بکەن، بەڵام ئەوەش بەردەوام نەبوو تەنیا بۆ چەند مانگێک نەبوو، ئەمەش دایکی میسی تورەکرد و مسسێلیا کۆچێتینی (دایکی میسی)ی گەیاندە بنکەی سەرەکی یانەکە و لەوێ چاوی بە ڕاهێنەر ئارنیستۆ قیچینۆ کرد، دایکی میسی لەوێدا هەڕەشەی لێکردبوو وتبووی: قسەم لەگەڵ کردبوون سەبارەت بە دەرمانی لیۆ چەند جارێک، ئێمە بێزاربووین لە هەستنەکردن بە بەرپسیارییەتی ئێوە و دابین نەکردنی دەرمانەکان، یەک شتت پێدەڵێم، ناهێلم بگەڕێتەوە بۆ یانەکەی و ئەگەر نەتوانن دەرمانەکانی بۆ ئامادە بکەن ڕوو دەکاتە یانەیەکی تر.

یانەی نیولز لەو شەودا ئەو کەسەی لەدەستدا کە دوای ١٠ ساڵ وەک باشترین یاریزانی جیهان هەڵبژێردرا و دایکی هەڕەشەکەی بردە سەر و میسی نیۆڵزی بەجێهێشت. پێگەی داهاتووی میسی، (یانەی ڕیڤەرپلەیت) بوو، باوکی میسی خۆرخی میسی لەگەڵ کوڕەکەی پاسێکیان گرت و لە ڕۆساریۆوە بەرەو بۆینس ئایرسی پایتەخت بەڕێکەوتن، لە ڕۆژی دواتر ڕوویانکردە یەکێک لە یاریگاکانی ڕاهێنانی تیپی لاوانی ڕیڤەرپلەیت کە نزیکبوو لە یاریگای مۆنۆمنتالی تایبەت بە تیپی یەکەم و بۆ ئەوەی میسی بەشداری لە تێستێک بکات لەگەڵ لاواندا خۆرخی میسی دەڵێت: یاریزانەکان ڕیزیان بەستبوو یەک لە دوای یەک، کاتێک سەرەی میسی هات کە بەڕێوبەرەکە کورتی باڵای بینی بێ هیچ شتێک خستییە کۆتایی ڕیزەکە ڕاهێنەرەکان دەستیان کرد بە تاقیکردنەوە وەرزشییەکان و کەسیان گرنگیان بە میسی نەدا وەکو ئەوەی هەر لەوێ نەبێت، لە بەربەستەکە نزیکبوومەوە کە یاریگای لە دەرەوە جیا کردبوەوە و داوام لە بەڕێوبەرەکە کرد بەشداری بە میسی بکات کە تاقیکردنەوەکان بەرەو تەواوبوون دەچوون بەڵام گوێی لێنەگرتم، دوای چەند خولەکێک یەکێک لە ڕاهێنەرەکان لە میسی نزیکووبوەوە و لێی پرسی لە کوێ یاری دەکەیت؟ میسی وەڵامی دایەوە لە ناوەندی ژمارە ٩، ڕاهێنەرەکە بێ باکانە وتی وەرە ناوەوە یاری بکە، میسی بچووک دەستی بە یاریکرد و دوو خولەک تێپەڕی و کە تۆپ گەیشتە پێی میسی بە جووڵانەوەیەک لە دوو یاریزان دەرچوو و تۆپێکی ئاراستەی گۆڵکرد کە گۆڵپاریزەکە بەزۆر دەریهێنایەوە و بووە لێدانی کۆرنە، دواتر بەڕێوبەرەکە بە دەنگێکی بەرزەوە وتی کێ باوکی ئەم بچووکەیە؟ خۆرخی میسی وەڵامی دایەوە: من باوکیم، زیاتر لە باوکی نزیکبووە و وتی: دەمانەوێت لە ڕیڤەر.

بەڵام کاتێک پشکنینی پزیشکی لە یانە تازەکەی بۆ ئەنجامدرا و تێیدا دەرکەوت کە کێشەی گەشەی هۆرمۆنی هەیە ڕێڤەر مێسی دوورخوستەوە و گرێبەستی لەگەڵ واژوو نەکرد. دوای ڕەتکردنەوەی لەلایەن ڕێڤەر، خێزانەکەی لە هەموو کات زیاتر دڵنیابوون چارەسەرکردنی کێشەی کورەکەیان لە ناو وڵاتی تانگۆ نابێت هەواڵی بوونی کورێکی بەهرەداری تۆپی پێ گەیشتە پایتەخی هەرێمی کەتەلۆنیا.

چیرۆکەکە ڕێڕەوێکی تری وەرگرت کاتێک یەکێک لە دۆزەرەوەکانی یاریزانە بەهرەدارەکان لە ئارجەنتین کە هاوکاری یانەی بەرشەلۆنەی دەکرد، بە کارگێری بلوگرانای ڕاگەیاند کەوا کەسێکی بەهرەدار هەیە شایستەی ئەوەیە چاودێری بکرێت لە شاری ڕۆساریۆی ئارجەنتینیە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ ڕاپۆرتێکی بەپەلە گەیشتە نووسینگەی جۆسیب ماریا مینگیلا لە کارگێری یانەی بارسا کە دواتر خۆی پاڵاوت بۆ پۆستی سەرۆکی یانەکە لە ساڵی ٢٠٠٣ و ١٨٧٦ دەنگی هێنا، ڕاپۆرتەکە سەبارەت بە لیۆ بوو، هەرچەندە سەرەتا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدا بەڵام ڕاپۆرت لە دوای ڕاپۆرت دەگەیشتە دەستی و سەرنجی ڕاکێشا، مینگێلا لەو کاتەدا باسەکەی گەیاندە کارگێری یانەکە لە سەروویانەوە خوان گاسبارت بەڵام ڕەتی کردەوە باس لەو بابەتە بکرێت بەهۆی بچووکی تەمەنی بەڵام لە ڕاستی دا ڕازینەبوونی پەیوەست بوو بە خۆپەرستی گاسپارت و نەبوونی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کاتێک سەبارەت بە میسی وتی: تەنانەت ئەگەر بێتە باشترین یاریزانی جیهانی تاوەکو من سەرۆکی بارسا بم نایەت، دواتر مینگیلا قسەی لەگەڵ کارلیس ڕیکساک کرد کە ئەو کات پۆستی جێگری ڕاهێنەر لویس فانگال ی هەبوو لە یانەکە، بابەتی میسی لەگەڵ ڕیکساک کردەوە، بەڵام کاردانەوەی ئەو لە سەرۆکەکە زۆر باشتر نەبوو بە مینگیلای وت: تۆ شێت بویت مینگیلا، ئێمە پێویستمان بە یاریزانی ١٨ ساڵە بۆ ئەوەی بۆ تیپی یەکەم یاری بکات نەک منااڵێکی ١٢ ساڵ. مێنگیلا سەرەڕای ڕەتکردنەوەی داواکەی دەستبەردار نەبوو، جارێکی تر بە تێلفۆن لە بارسێلۆناوە پەیوەندی بە شاری سیدنی ئوستراالیا کرد لە مانگی نۆی ساڵی ٢٠٠٠ و قسەی لەگەڵ ڕیسکاک کردەوە سەبارەت بە لیۆ کە ئەو کات ڕیکساک لە سیدنی بوو بەهۆی یارییەکانی ئۆلۆمپی، بە کاریگەری قسەکانی مێنگیلا یاریدەدەری ڕاهێنەرەکە لیۆ و خێزانەکەی بانگهێشتکرد دوای گەڕانەوەی لە سیدنی بۆ ئەوەی لە پایتەخی (هەرێمی کاتالۆنیا) ئامادەبن بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی میسی، میسی و خێزانەکەی بۆ ماوەی دوو هەفتە لە هۆتێل پلازا مانەوە لە نزیک بینای ئۆلۆمپی، گەڕانەوەی ڕیسکاک لە سیدنی دوا کەوت و ئەوانیش بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ ئارجەنتین دابوو جەرەسی تێلفۆنێک بیسترا لە شەوی چوارشەمەی سێی مانگی تشرینی یەکەم (مانگی دە)، لەو ژوورەی کە باوکی میسی لێ بوو لە هۆتێلەکە و مێنگیلا داوای لێکردبوون یەک ڕۆژی تر بمێننەوە دوا دوو هەفتەکە چونکە ڕیکساک بەیانی دەگەڕیتەوە بارسێلۆنا و خێزانەکەی لە یەکێک لە یاریگاکانی مەشقپێدانی نزیک کامپ نوو ئامادە دەبن ڕۆژی هەینی ڕیکساک بە تایبەت و لەلایەن خۆیەوە میسی تاقی دەکاتەوە بە ئامادەبوونی چەند ڕاهێنەرێک.

لە بەیانی هەینی و لە یاریگای بچووککراوەی ژمارە ٣، یارییەک لە نێوان لاوانی بارسا ئەنجامدرا بە بەشداریکردنی یاریزانێک لە وڵاتی تانگۆ کە ئەوانی تر زۆر لەو گەورە تربوون، ڕیکساک چەند خولەکێک دوای دەستپێکردنی یارییەکە گەیشتە ئەوێ، لەگەڵ گەیشتنی تۆپ بۆ لیۆ ئەو جووڵانەوانەی دەست پێکرد کە تا ئێستاش نەوەستاون، لە چەند یاریزانێک دەرچوو و گۆڵێکی تۆمارکرد، ڕیکساک پرسیاری پێناسی ئەو یاریزانەی کرد کە بەو باڵا بچووکە ئەو ئاستە بەرزە نیشان دەدەات، وەاڵمیان دایەوە: ئەوە ئەو ئارجەنتینیەیە کە دەبوو تاقیتکردایەوە، ڕاستەوخۆ ڕیکساک لەوێدا وتی دەبێت گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەین بە زووترین کات بە بێ دواکەوتن، پاشان لە باوکی پرسی چەند ڕۆژە لە بارسێلۆنان؟ ئەویش وتی ١٥ ڕۆژ. ڕیکساک وتی: کاتمان بە فیرۆ داوە و دەبێت بەزووترین کات گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەین.

دوای دوو ڕۆژ خێزانەکەی میسی جانتا و شتومەکەکانیان پێچاوییەوە و گەڕانەوە ڕۆساریۆ، بەڵام لە بارسێلۆنا واژووکردن وا ئاسان نەبوو بەهۆی نارەزایی هەندێک لە کارگێڕەکانی یانەکە، کە بەهۆی بچووکی باڵای هەندێکیان تەنانەت پێشنیاری ئەوەیان کرد ببێتە یاریزانی تۆپی پێی بچووککراوە، دوو مانگ تێپەڕی هێشتا بلوگرانا گرێبەستی

لەگەڵ ئەستێرەکەی ڕۆزاریۆ واژوو نەکردبوو، خێزانەکەی زوو زوو پەیوەندیان بە مینگیلا کرد و کە مینگیلا لەو کاتەدا زۆری لە ڕیکساک دەکرد بە زووترین کات گرێبەستی لەگەڵ واژووبکات بەهۆی ئەوەی چەند یانەیەکی تر ئەوروپی لەسەر هێل بوون، هەردووکیان لە یەکێک لە چێشتخانەکانی کەناری ڕووباری لابارپێلونیتا یەکیان بینی، لەو چێشتخانە بارسێلۆناییە کە لە کۆمەڵگایەکی وەرزشی دەچوو، دوای نان خواردن ڕیکساک کاغەزێکی دەرهێنا و لەسەری نوسی: من کارلیس ڕیکساک یارمەتیدەری ڕاهێنەری یانەی بەرشەلۆنە بۆ تۆپی پێ، ڕایدەگەینم کە ئیلتیزام بە واژووکردنی گرێبەست دەکەین لەگەڵ لیۆنێل میسی لە باری ڕێکەوتن لەسەر مەرجەکانی ڕێکەوتنامەکە و بەهاکەی لەلایەن هەردوولا. ئەم هەواڵە گەیشتە بنەماڵەی میسی و ئێستا لە پێناو گرێبەست واژووکردن، دەبوو میسی ماڵاوایی لەو شارە بکات کە لێی گەورە بوو بوو ڕووبکاتە بارسێلۆنا.

خێزانەکەی کۆبونەوەیەکیان لە دەوری مێزێک گرێدا بۆ ئەوەی بڕیاری یەکلایی کەرەوە بدەن، میسی ئارەزووی خۆی بۆ گواستنەوەی بۆ خۆشەویترین یانەی خۆی کە بارسێلۆنا بوو دەربڕی، لەسەر ئارەزووی خۆی بە فرۆکەیەکی هێلی ئیبریا ڕاستەوخۆ بەرەو ئیسپانیا بەڕێکەوت و لە شاری بارسێلۆنا لە یەکێک لە هۆتێلەکان نیشتەجێ بوو نزیک لە یاریگای کامبوونی جیهانی، هەرچەندە نزیکبوو لە کامب نوو بەڵام میسی ڕۆژانێکی یەکجار ناخۆشی بەسەر برد لە سەرەتا، سەرەڕای ئەوەی دەبوو خۆی زۆربەی کارەکانی بکات کە تەمەنی زۆر لەوە بچووکتر بوو بتوانێت و سەرەڕای دووری لە نیشتمانی و خێزانەکەی و هۆکارە دەروونییەکانی تر.

میسی زۆر بەزووی لەگەڵ کلتوری تازەی ئیسپانیا ڕاهات، خێزانەکەی لە خۆیانیان دەپرسی ئایا ئەزموونی میسی لەگەڵ بارسا و ئەگەری سەرکەوتنی شایستەی ئەو هەموو ماندووبوون و ئازارەیە کە چەشتیان تاوەکو کوڕەکەیان گەیاندە ئەوێ؟ دوا تر خۆرخی میسی بڕیاریدا بگەڕێنەوە بۆ ڕۆزاریۆ و بە خێزانەکەی وت: من و ماتیاس و ڕۆدریگۆ دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆزاریۆ تۆ لێرە بمێنەوە لەگەڵ میسی لە بارسێلۆنا و هەر ئەوەش ڕوویدا. دواتر میسی گرێبەستی پیشەگەری خۆی لەگەڵ بارسێلۆنا لە مانگی سێی ساڵی ٢٠٠١ واژووکرد و لەو کاتەوە کاروانی ئەفسانەیی خۆی دەستپێکرد و داهێنانەکانی سەری هەڵدا کە هیچ سنووریکیان بۆ نییە.

ژیانی تایبەتی

ماکارینا لیمۆس یەکەم خۆشەویستی میسی بوو کە دانیشتووی هەمان ئەو شارەیە میسی تێدا لە دایک بوو. میسی سەبارەت بە لیمۆس وتوویەتی کاتێک بەهۆی پێکان گەڕاوەتەوە ئەرجەنتین پێش جامی جیهانی ٢٠٠٦ چاوی بە لیمۆس کەوتەوە و ناسیویەتی؛ و هەروەها جگە لە لیمۆس میسی پەیوەندی لەگەڵ لوسیانا سالازار هەبووە کە کچە نمایشکارێکی ئارجەنتینیە. لە مانگی یەکی ٢٠٠٩ لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ کەناڵی ٣٣ وتی: خۆشەویستێکم هەیە لە ئارجەنتین دەژی و دڵخۆش و ئاسوودەم لەگەڵیدا. لەم دواییەشدا لەگەڵ ئەنتۆنێلا ڕۆکوزۆ بینراوە کە ئەویش هەر ئارجەنتینیە و خەڵک ڕۆساریۆیی و تا ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا پەیوەندی هەیە. بەو پێیەی میسی کەسێکە زۆر خۆی دەپارێزێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەکەمی باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات زانیاری ئەوتۆ لە بارەیەوە لەبەر دەستدا نییە. لە ٢٠٠٨ کاتێک لیۆ ٢٠ ساڵ بووە پەیوەندی لەگەڵ ئەنتۆنێلا ڕۆکوزۆ هەبوو، دواجار هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد و دوو منداڵیان هاتەو دنیاوە. لە ٢ی مانگی ١١ی ٢٠١٢ تیاگۆی کوڕی لەدایکبوو، و لە ١١ی مانگی ٩ی ٢٠١٥ دووەم کوڕی بەناوی ماتیۆ لەدایکبوو کە لەیاری یانەکەی و بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید گۆڵەکەی پێشکەش بەو کرد.

میدیا



وێنەی مێسی لەسەر بەرگی *یاری ڤیدیۆیی Pro Evolution Soccer*

وێنەی مێسی لەسەر بەرگی یاری ڤیدیۆیی (Pro Evolution Soccer 2009)[١٧] و (Pro Evolution Soccer 2011)[١٨] دانرا، هەروەها لە کەمپینی ڕیکلام بۆ هەردوو یارییەکە بەشداربوو؛ و هەروەها لە هەمان یاری ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ تۆرێس بە هاوبەشی لەسەر بەرگی یارییەکە بوون، جگە لەم یارییەش مێسی وەک یاریزانی بەرگی یارییەکانی فیفا بەشدار بووە لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٧.[١٩] مێسی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای ئەدیداس هەیە و ڕیکلام بۆ ئەو کۆمپانیایە ئەنجام دەدات.[٢٠][٢١][٢٢] و هەروەها لە ٢٠١٠ مێسی گرێبەستێکی لەگەڵ "(هێربا لایف)" واژووکرد کە سپۆنسەری دەزگا خێرخوازییەکەی مێسی دەکەن.[٢٣][٢٤] لە ساڵی ٢٠١٢ مێسی لە ١٠٠ کەسە بەناوبانگەکەی (گۆڤاری تایمز) هەڵبژێدرا،[٢٥] کە تایبەتە بەو ١٠٠ کەسەی کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا زۆرترین کاریگەرییان لەسەر جیهان هەبووە. لە مانگی چواری ٢٠١١، مێسی پەیجی فەرمی خۆی لە فەیسبووک کردەوە، کە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا زیاد لە ٦ ملیۆن هاندەری کۆکردەوە و ئێستا پەیجەکەی مێسی خاوەنی زیاد لە ٤٨ ملیۆن هاندەرە.[٢٦]

کاری خێرخوازی

لە ساڵی ٢٠٠٧، دەزگای لیۆ مێسی دامەزراند، کە دەزگایەکی خێرخوازییە بۆ پەرەپێدانی خوێندن و تەندروستی منالان.[٢٧] مێسی لەوبارەیەوە دەڵێت " کە کەمێک بەناوبانگ بووم، هەڵی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە یارمەتی ئەو منالانە بدەم کە پێویستیان پێیەتی ".. بەو پێیەی خۆی لە منالێدا ئازاری زۆری چەشتووە بەدەست باری تەندروستی و هەژارییەوە، مێسی زۆر کەسێکی بە سۆزەوە بەرامبەر منالان و نەداران. هەر منالێکی ئارجەنتین چارەسەری لە وڵاتەکەی نەبیت، دەزگاکەی مێسی دەیهێنیتە ئیسپانیا و بێ بەرامبەر چارەسەری بۆ دەکات. لە ١١ی ئازاری ٢٠١٠ مێسی وەکو باڵوێزی UNICEF ی نییەتپاکی دەستنیشان کرا. کاری مێسی پارێزگاریکردنە لە مافی منالان و لەو ڕووەشەوە بارسێلۆنا یارمەتیدەرێکی گەورەی مێسییە، چونکە بارسێلۆنا و UNICEF پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە.[٢٨][٢٩]

دامەزراندنی ئەکادیمیای تۆپی پێ لەوڵاتی ئەرجەنتین لە شارەکانی ڕۆزاریۆ و بۆینس ئایرس.

ژیانی پیشەگەری لەگەڵ یانە

بارسێلۆنا

مێسی لە کاتی یاریکردن لەگەڵ یانەی بەرشەلۆنە

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٣ مێسی یاری بۆ چەند یانەیەکی پلە بچووکەکانی بارسێلۆنا ئەنجامدا وەکو (بارسێلۆنای بچووک – ب)، (بارسێلۆنا کادێتی ب)، (بارسێلۆنا کادێتی – آ) کە هەموویان بەشێک بوون لە ئەکادیمیای لاماسیا. لەگەڵ کادێتی آ مێسی ٣٠ یاری ئەنجامداوە و ٣٧ گۆڵی تۆمارکرد. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٣–٢٠٠٤ گوێزرایەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر کە "بارسێلۆنا جوڤێنیل – ب" بوو، هێندەی نەبرد لەوێش نەماوە و پەیوەندی کرد بە " جوڤینێل - آ) لە وێ جوڤینێل – آ مێسی ١٤ گۆڵی لە ٢١ یاری تۆمارکرد و سەرنجی مامۆستاکانی بۆخۆی ڕاکێشا. دوای تاقیکردنەوەی پێنج یانەی ئەکادیمیای لاماسیا، لە (٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣) مێسی یەکەم یاری خۆی بۆ یانەی سێهەمی بارسێلۆنا ئەنجامدا کە ٥ گۆڵی لە ٨ یاری بۆ تۆمارکرد. پاشان لە ٢٠٠٤ی ئازاری ٦ گوێزرایەوە بۆ تیمی دووەمی بارسێلۆنا کە لە خولی پلە دووی ئیسپانی یاری دەکرد.

مێسی لە ساڵی ٢٠٠٣ یەک یاری بۆ تیپی یەکەمی بارسێلۆنا ئەنجامدا بەرامبەر پۆرتۆ کە لەو کاتەدا تەمەنی ١٦ ساڵ و ١٤٥ ڕۆژ بوو. پاشان تێپەڕبوونی کەمتر لە ساڵێک لەگەڵ تیپی دووەم. لە ڕێکەوتی (١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤) ئەو کاتەی تەمەنی ١٧ ساڵ و ١١٤ ڕۆژ لەلایەن فرانک ڕیکاردی ڕاهێنەری ئەوکاتەی بارسێلۆناوە بانگهێشتی تیپی یەکەمی بارسێلۆنا کرا و بەشداری لە یاری بەرامبەر ئیسپانیۆل کرد. بەوەش بووە سێهەم گەنجترین یاریزان لە مێژووی بارسێلۆنا کە یاری لە لالیگا کردبێت بەڵام پاشان لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆیاک کریکیچ ژمارە پێوانەییەکەی مێسی شکاند. مێسی ئەو کاتەی تەمەنی

گەیشتە ١٧ ساڵ و ١٠ مانگ و ٧ ڕۆژ بووە گەنجترین یاریزان کە گۆڵی بۆ بارسێلۆنا تۆمارکردبێت لە لالیگا، بەڵام دووبارە ئەو ژمارە پێوانەییەی لەلایەن بۆیانەوە شکێنرا هەرچەندە مێسی خۆی گۆڵەکەی بۆ دروست کرد. مێسی سەبارەت بە فران ڕیکارد دەڵێت:

» هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم، کە ئەو منی کردە یاریزانێکی پیشەگەر، بڕوا و متمانەی بەمن هەبوو لەکاتێکدا تەمەنم تەنیا ١٦ و ١٧ ساڵان بوو. «

وەرزی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦؛ گەیشتی مێسی بە تیمی یەکەم

لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥، بۆ دووەمجار لە ماوەی سێ مانگدا گۆڕانکاری لە گرێبەستەکەی مێسی کرا. ئەمجارەیان مووچەکەی بەرزکرایەوە و وادەی گرێبەستەکەشی تا ٢٠١٤ درێژکرایەوە. هەر لەو ساڵەدا مافی نیشتەجێبوون لە ئیسپانیا درا بە مێسی. ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری لە خولی ئیسپانی پلە یەکدا بکات. لەو وەرزەدا ١٧ یاری لە لالیگا ئەنجامدا و ٦ گۆڵی تۆمارکرد، ٦ یاری لە خولی پاڵەوانەکان ئەنجامدا و گۆڵێکی تۆمارکرد. ئەو وەرزەی خولی ئیسپانی هەر لە مانگی سێ و بۆ مێسی بە کۆتا هات چونکە تووشی پێکانێکی سەخت هات لە یاری خولی پاڵەوانەکان بەرامبەر چێلسی. بارسێلۆناکەی فرانک ڕیکارد و ڕۆنالدینهۆ لەو ساڵەدا نازناوی خولی ئیسپانی و خولی پاڵەوانەکانیان بەرز کردەوە.

٢٠٠٦ – ٢٠٠٨؛ جێگیربوونی لە پێکهاتەی سەرەکی

مێسی لەو وەرزەدا بە تەواوی جێگای خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی بەرشەلۆنە کردەوە، ١٤ گۆڵی لە ٢٦ یاریدا تۆمارکرد. بەڵام لە ١١/١٢ لە یاری بەرامبەر ڕیاڵ زاراگۆزا دووبارە پێکرا و بۆ ماوەی سێ مانگ دوورکەوتەوە. لە ٢/١١ لە یاری بەرامبەر ڕاسینگ سانتاندێر گەڕایەوە یاریگاکان و وەک یاریزانی یەدەگ بەشداری لە یارییە کرد. پاشان لە ٣/١١ لە کلاسیکۆی گەورە بەرامبەر ڕیاڵ مەدرید یەکێک لە باشترین ئاستەکانی خۆی تا ئەو کاتە پێشکرد، کاتێک هاتریکی تۆمارکرد لەو یارییەی بارسێلۆناوە بە ١٠ یاریزانەوە (٣–٣) لەگەڵ ڕیاڵ بەرامبەربوون.

بەوەش بووە یەکەم یاریزان هاتریک لە کلاسیکۆ تۆمارکرد لە دوای ئیقان زامۆرانۆ کە لە ساڵی ١٩٩٤ تۆماری کردبوو؛ و هەروەها لیۆ گەنجترین یاریزانە کە گۆڵی لە کلاسیکۆدا تۆمارکردبێت. هەر لەو وەرزەدابوو نازناوی مارادۆنای تازەی پێبەخشرا، بە تایبەت دوای تۆمارکردنەوەی گۆڵە مێژوویییەکەی مارادۆنا لە یاری کۆپا دێل ڕەی بەرامبەر خیتافی لە (١٨ی نیسانی ٢٠٠٧) کە هاوشێوەی ئەو گۆڵە بوو مارادۆنا لە جامی جیهانی ١٩٨٦ لە یاری بەرامبەر ئینگلتەرا تۆمارکرا و نازناوی جوانترین گۆڵی سەدەی پێبەخشرا.

دوای ئەو گۆڵە دەزگاکانی ئیسپانیا مێسیان ناونا مێسی دۆنە کە زیاد لە ٦٢ مەتری بڕی و لە ٦ یاریزان دەرچوو هاوشێوەی مارادۆنا کە بە نزیکەیی لە هەمان دووریيەوە بوو و لە هەمان دووریشەوە گۆڵەکەی تۆمارکرد. دوای گۆڵەکەش بەرەو ئاڵای کۆرنە ڕای کرد ڕێک وەک ئەوەی ٢١ ساڵ پێش ئەو گۆڵە مارادۆنا کردی. دوای یاریيەکە دیکۆی هاوڕێی مێسی سەبارەت بەو گۆڵە وتی "ئەوە جوانترین گۆڵ بوو لە ژیانمدا بینیبێتم".

جارێکی تر مێسی گەڕایەوە و گۆڵێکی دیکەی هاوشێوەی مارادۆنا تۆمارکرد لە یاری بەرامبەر ئیسپانیۆل. گۆڵەکە بە دەست تۆماری کرد هاوشێوەی ئەو گۆڵەی مارادۆنا لە چارەگی کۆتایی جامی جیهانی لە ئینگلتەرای تۆمارکرد.

لە سەرەتای وەرزی ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ مێسی پێنج گۆڵی لە یەک هەفتەدا تۆمارکرد. سەرەتا لە ١١/١٩ یاری خولی پاڵەوانەکان بەرامبەر لیۆن گۆڵێکی تۆمارکرد لەو یارییەی ٣–٠ بردیانەوە، پاشان لە ١١/٢٢ ٢ گۆڵی لە یاری بەرامبەر سیڤیلیا تۆمارکرد و و لە ١١/٢٦ دوو گۆڵی لە ڕیاڵ زاراگۆزا تۆمارکرد لەو یارییەی ٤–١ بردیانەوە؛ و گۆڵی شەشەم لە ٢٩ی ئەو مانگەدا

تۆماری کرد لە بەرامبەر لیڤانتی ... لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٨ مێسی لە بەرامبەر ڤالەنسیا یاری ژمارە ١٠٠ی ئەنجامدا. مێسی پاڵێورا بۆ خەڵاتی باشترین هێرشبەری فیفپرۆ،

پاشان ڕۆژنامەکانی ئیسپانیای وەکو مارکا و ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ و سپۆرت پێیان وابوو مێسی خەڵاتی تۆپی ئالتوونی بەدەست دەهێنێت و فرانز پیکنپاوەری قەیسەری ئەڵمان پشتگیری لەو پێشهاتە کرد. بەڵام کریستیانۆ ڕۆنالدۆ نازناوەکەی بەدەست هێنا مێسی لە مانگی سێ تووشی پێکان هات و بۆ ماوەی ٦ هەفتە دوورکەوتەوە، کە ئەوە چوارەم پێکانی ماسولکەکانی ڕانی ڕاستی بوو لە سێیەم وەرزیدا. کە گەڕایەوە لە پێکانەکەی دواییین گۆڵی خۆی لەو وەرزەدا تۆمارکرد لە یاری بەرامبەر ڤیارڕیاڵ. بەوەش کۆی گۆڵەکانی لەو وەرزەدا گەیاندە ١٦ گۆڵ و ١٣ گۆڵیشی دروست کرد.

مێسی لەگەڵ هاوتیمەکانی

وەرزی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩

دوای ڕۆیشتنی ڕۆنالدینهۆ لە بلوگرانا، مێسی لەلایەک دریسی ژمارە ١٠ی پێبەخشرا و لەلایەکیش ئەرکێکی زیاتری پێدرا لە پێکهاتەی سەرەکی یانەکە. لە ٢٠٠٨ی تشرینی یەکەمی ١ لە یاری خولی پاڵەوانەکاندا بەرامبەر شاختار دۆنێتسک لە دواییین ٧ خولەکی یارییەکەدا ٢ گۆڵی تۆمارکرد کاتێک جێگای (تێری هێنری) گرتەوە و شکستی گۆڕییەوە بە بردنەوە بە ئەنجامی ٢–١.

لە یاری دوای ئەوە بەرامبەر بە ئەتلەتیکۆ مەدرید یاری کرد بە جەنگێکی دۆستانەی نێوان مێسی و ئەگوێرۆ ناوبرا. مێسی لەو یارییەدا گۆڵێکی تۆمارکرد و گۆڵێکی دیکەشی دروست کرد و سەرەنجام بەرسا ٦–١ یارییەکەی بردەوە. هەروەها لە یاری کلاسیکۆی بەرامبەر ڕیاڵ مەدرید گۆڵی دووەمی بۆ یانەکەی تۆمارکرد و لەو یارییەی ٢–٠ بردیانەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ بە کۆکردنەوەی ٦٧٨ خاڵ لە پلەی دووەمی باشترین یاریزانی جیهان هات لە دوای کریستیانۆ ڕۆنالدۆ.

مێسی یەکەم هاتریکی ساڵی ٢٠٠٩ی لە یاری جامی شای ئیسپانیا بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید تۆمارکرد لەو یارییەی ٣–١ بردیانەوە. مێسی دوو گۆڵی زۆر گرنگی تۆمارکرد کاتێک لە نیوەی دووەمدا بەشداری لە یاری بەرامبەر ڕاسینگ سانتاندێر کرد و دۆڕانی گۆڕییەوە بە سەرکەوتن لەو یارییەی بەرشە بە زەحمەت ٢–١ بردییەوە. کە دووەم گۆڵی لەو یارییەدا گۆڵی ژمارە ٥٠٠٠ی بارسێلۆنا بوو لە مێژووی لالیگا.

مێسی لەو وەرزەدا تووشی پێکانێکی ئەوتۆ نەهات و ئەمەش وای کرد بە ئاستێکی زۆر باشتر ببینرێت و ژمارەیەکی زۆری گۆڵ تۆماربکات. بەشێوەیەک لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی وەرز گۆڵی ٣٥ ـەم و ٣٦ ـەمی خۆی لە بەرامبەر ڕیاڵ مەدرید تۆمارکرد، لەو یارییەی بارسا ٦–٢ سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە ئەوە قورسترین دۆڕانی ڕیاڵ مەدریدە لەوەتەی

ساڵی ١٩٣٠ لە سانتیاگۆ بێرنابیۆ. مێسی دروستکەری گۆڵە مێژوویییەکەی ئەندرێس ئینییێستا بوو لە یاری خولی پاڵەوانەکان بەرامبەر چێلسی کە بەو گۆڵە بارسا گەیشتە یاری کۆتایی خولی پاڵەوانەکان لە بەرامبەر مانچێستەر یونایتد..

لە ٥/١٣ یەکەم نازناوی کۆپا دێل ڕەی لەگەڵ بەرشلۆنە بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی جامەکە بەرامبەر ئەتلەتیک بلباو گۆڵێکی دروست کرد و گۆڵێکیشی تۆمارکرد. پاشان لە ٥/٢٧ گۆڵی دووەمی کاتالۆنیای تۆمارکرد لە یاری کۆتایی خولی پاڵەوانەکان بەرامبەر مانچێستەر و نازناوی ئەو وەرزەی پاڵەوانێتییەکەیان بەرزکردەوە. هەروەها بووە گەنجترین گۆڵکاری خولی پاڵەوانەکان لە مێژوودا. هەر لە پەراوێزی ئەو ئاستە بەرزەی لە خولی پاڵەوانەکان پێشکەشی کرد وەک باشترین هێرشبەری خولەکانی ئەورووپا و باشترین یاریزانی خولەکانی ئەورووپا هەڵبژێردرا. لەو ساڵەدا بەرشلۆنە توانی کۆپا دێل ڕەی، لالیگا، چامپیۆنز لیگ بەرزبکاتەوە و بووە یەکەم یانە بتوانێت هەر سێ نازناوەکە بەیەکەوە بباتەوە.

وەرزی ٢٠٠٩–٢٠١٠

دوای بردنەوەی جامی سوپەری ئەورووپا، پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری بارسێلۆنا مێسی بە باشترین یاریزان دانا کە لە ژیانیدا بینیبێتی. لە ٩/١٨ مێسی گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە تاوەکو ٢٠١٦ درێژکردەوە، و هەروەها سزای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەش بۆ ٢٥٠ ملیۆن یۆرۆ بەرزکرایەوە، مووچەکەشی بۆ ٩,٥ ملیۆن یۆرۆی ساڵانە زیادکرا کە لەگەڵ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ بوونە دوو خاوەن زۆرترین مووچە لە مێژووی لالیگا.

دوای چوار ڕۆژ لە تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی لە یاری بەرامبەر ڕاسینگ سانتاندێر دوو گۆڵی تۆمارکرد و گۆڵێکیشی دروست کرد. مێسی خەڵاتی تۆپی ئالتوونی ٢٠٠٩ی پێبەخشرا و ڕۆنالدۆ پلەی دووەمی پێبرا بەڵام بە جیاوازییەکەی زۆری دەنگ، ٤٧٣ دەنگ بەرامبەر ٢٣٣ دەنگ. پاشان مێسی بۆ گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ ئەو خەڵاتەی پێشکەش بە خێزانەکەی کرد و سوپاسی کردن کە هەمیشە لە پشتی بوون.

لە ١٢/١٩ مێسی گۆڵی بردنەوەی یاری کۆتایی جامی جیهانی یانەکانی لە بەرامبەر ئیستۆدیانتس تۆمارکرد، بەوەش بەرشە شەشەم نازناوی خۆی لە ماوەی یەک ساڵدا بەدەست هێنا. دوای دوو ڕۆژ لەو بردنەوەیە، مێسی بە باشترین یاریزانی جیهان لەلایەن فیفاوە هەڵبژێردرا سەرکەوت بەسەر ڕۆنالدۆ و زاڤی و کاکا و ئینییێستا. بەوەش بووە یەکەم یاریزانی ئەرژەنتینی کە ئەو نازناوە بەدەست بهێنێت. لە ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ مێسی یەکەم هاتریکی لەو وەرزەدا لە بەرامبەر تێنریفی تۆمارکرد لەو یارییەی ٥–٠ بردیانەوە.

و لە ١/١٧ گۆڵی ژمارە ١٠٠ی خۆی بۆ بەرشلۆنە تۆمارکرد لەو یارییەی ٤–٠ لە سیڤیلیایان بردەوە. دوای ئەوە مێسی تەنیا لە پێنج یاریدا ١١ گۆڵی تۆمارکرد، گۆڵەکانیش بەرامبە ڕمەلەگا و ئەلمێریا و ڤالەنسیا و شتوتگارت و زاراگۆزا بوون. بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی یانەکە بتوانێت ئەوە ئەنجام بدات. لە یاری بەرامبەر ئۆساسۆنا لە ٢٤ی ئازاری ٢٠١٠ مێسی یاری ژمارە ٢٠٠ی خۆی لەگەڵ بارسا بە ئەنجام گەیاند. لە ٢٠١٠ی نیسانی ٦ بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا چوار گۆڵی لە یەک یاریدا تۆمارکرد لە بەرامبەر ئارسنالّ، لە دوای بردنەوەی بەرشلۆنە لە ئارسنالّ بە ئەنجامی ٤–١ لە خولی پاڵەوانەکان، ئارسن ڤینگەری ڕاهێنەری ئارسنالّ سەبارەت بە مێسی وتی

هەر ئەوەندە کە دەستی بە ڕاکردن کرد ئیتر ڕاناگیرێت، تاکە یاریزانە کە دەتوانێت هێند بە خێرایی ئاڕاستە بگۆڕێت، ئەو باشترین یاریزانی جیهانە و لە یاریزانی پلەی ستەیشن دەچێت، دەتوانێت سوود لە هەر هەڵەیەک وەربگرێت کە تیپی بەرامبەر دەیکات. دوای ئەوە توانی جێگای ڕیڤالدۆ بگرێتەوە کە گەورەترین گۆڵکاری بارسا بوو لە خولی

پاڵەوانەکان.. پاشان مێسی گۆڵی ژمارە ٤٠ی خۆی لەو وەرزەدا تۆمارکرد بەو دوو گۆڵەی لە یاری کلاسیکۆ لە ڕیاڵ مەدریدی تۆمارکرد.

لە ٥/١ مێسی یاری ژمارە ٥٠ی خۆی لەو وەرزەدا ئەنجامدا و دوو گۆڵی تۆمارکرد لە بەرامبەر ڤیارڕیاڵ، دوای تەنیا سێ ڕۆژ دوو گۆڵی دیکەی لە تێنریفی تۆمارکرد و ژمارەی گۆڵەکانی تا کۆتایی وەرز گەیاندە ٣٤ گۆڵ، بەوەش ژمارە پێوانەییەکەی ڕۆنالدۆی بەڕازیلی یەکسانکردەوە لە ڕووی تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵ لە یەک وەرزدا. مێسی بۆ دووەم وەرزی لەسەر یەک نازناوی باشترین یاریزانی لالیگای پێبەخشرا.

وەرزی ٢٠١٠–٢٠١١

لە ٢١ی ئابی ٢٠١٠ مێسی هاتریکی تۆمارکرد لە یاری جامی سوپەری ئیسپانیا بەرامبەر سیڤیلیا و ٤–٠ بردیانەوە کە بارسا لە یاری چووندا ٣–١ تووشی شکست هاتبوو، بەمەش مێسی نازناوی جامی سوپەری ئیسپانیای بۆ بەرشلۆنە ەبدەست هێنا؛ و هەروەها لە یەکەم یاری خولی ئیسپانیدا بەرامبەر ڕاسینگ سانتاندێر دوای تەنیا ٣ خولەک لە سەرەتای یارییەکە گۆڵی پێشکەوتنی تۆمارکرد.

مێسی درێژەی بە ئاستە نموونەییەکەی دا لە یاری خولی پاڵەوانەکان بەرامبەر بە پاناسیناکۆس کاتێک دوو گۆڵی دروست کرد و دوو گۆڵیشی تۆمارکرد. لە ١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٠ لە یاری بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید تۆماس یۆفالوسی زۆر بە خراپی لە قاچی مێسی دا کە بە ئاشکرادیاربوو مەبەستی ئازارگەیاندن بوو بەو ئەفسانەیە، لێدانەکە لە خولەکی ٩٢ی یارییەکە بوو. لە سەرەتا ترسی ئەوە هەبوو پاژنەی پێی مێسی شکاند بێت کە بەوە لانی کەم ٦ مانگ یاریزانەکە دوورەدەکەوتەوە لە یاریگاکان ب، ەڵام پشکنینی MRI مژدەی ئەوەیدا بە یانەکە و بە هاندەران کە مێسی تەنیا تووشی کەمێک درز بووە و بە زووییی چاک دەبێتەوە.

کە مێسی گەڕایەوە لە پێکانەکەی گۆڵی بەرامبەری بۆ بارسا تۆمارکرد لەو یارییەی ١–١ لەگەڵ مایۆرکا یەکسان بوون، پاشان لە یاری خولی پاڵەوانەکان لە یاری بەرامبەر کۆپنهاگن گۆڵێکی تۆمارکرد و یارمەتی یانەکەیدا بۆ بردنەوە بە ئەنجامی ٢–٠. پ

لەو یارییەی بارسا ٨–٠ گۆڵبارانی ئەلمێریای کرد مێسی گۆڵی ژمارە ١٠٠ی خۆی لە لالیگا تۆمارکرد. پاشان لە ١٠ یاری یەک لە دوای یەکدا بە بێ گۆڵ لە یاریگا نەچووە دەرەوە. دوای ١٠ یاری، لە یاری کلاسیکۆی بەرامبەر ڕیاڵ مەدرید ژمارە پێوانەییەکەی مێسی وەستێنرا و نەیتوانی لەو یارییە گۆڵ تۆماربکات بەڵام دوو گۆڵی بۆ داڤید ڤیا تۆمارکرد کاتێک بەرشلۆنە ٥–٠ شکستی بە ڕیاڵ هێنا.

یەکەم گۆڵی خۆی لە ٢٠١١ لە بەرامبەر دیپۆرتیڤۆ لاکۆرونا لە لێدانی ڕاستەوخۆ تۆمارکرد، بەڵام جگە لەو گۆڵە وەک هەمیشە گۆڵی بۆ ڤیا و پێدرۆ دروست کرد. مێسی خەڵاتی تۆپی ئاڵتوونی ٢٠١٠ی بردەوە و پێش هەردوو هاوڕێکەی زاڤی و ئینیێستا کەوت.

دوای تەنیا دوو ڕۆژ لە بردنەوەی ئەو نازناوە لە بەرامبەر ڕیاڵ بیتس هاتریکی تۆمارکرد.. لە یەکەم یاری قۆناغی دووەمی خولی ئیسپانیا لە یاری بەرامبەر ڕاسینگ سانتاندێر کاتێک بە لێدانی سزا گۆڵێکی تۆمارکرد درێسەکەی بەرزکردەوە و لەژێری نوسرا بوو " ڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆز بێت دایە ". مێسی بەردەوام بوو لە گۆڵ تۆمارکردن لە هەفتەکانی دواتر بەرامبەر ئەلمێریا و هێرکولیس؛ و هەروەها بەرشلۆنە ژمارەیەکی پێوانەیی تازەی تۆمارکرد کاتێک ٣–٠ شکستیان بە ئەتلەتیکۆ مەدرید هێنا و ١٦ سەرکەوتنی یەک لە دوای یەکیان لەلالیگا مسۆگەرکرد. پاشان لە لەو یارییەی ڕیاڵ و بارسا ١–١ بەرامبەربوون، مێسی گۆڵی ژمارە ٨ی خۆی لە کلاسیکۆ تۆمارکرد.. پاشان لە ٤/٢٣ لە یاری بەرامبەر

ئۆساسۆنا مێسی گۆڵی ژمارە ٥٠ی لەو وەرزەدا تۆمارکرد. پاشان لە یاری چارەگی کۆتایی خولی پاڵەوانەکان بەرامبەر ڕیاڵ مەدرید ئاستێکی مێژوویی پێشکەشکرد و دوو گۆڵی تۆمارکرد کاتێک بارسا ٢–٠ سەرکەوتنی بەدەست هێنا. پاشان لە یاری کۆتایی خولێ پاڵەوانەکان لە وێمبڵی بە گۆڵێکی مێسی بارساسێهەم نازناوی خولی پاڵەوانەکانی لە ماوەی ٦ ساڵدا بەدەست هێنا.

وەرزی ٢٠١١–٢٠١٢

مێسی بەدرێسی یانەکەی ساڵی ٢٠١٢

مێسی وەرزی تازەی بە بەرزکردنەوەی جامی سوپەری ئیسپانیا دەست پێکرد، کاتێک بە کۆی یاری چوون و هاتن سەرکەوتن بەسەر ڕیاڵ مەدرید بە ئەنجامی ٥–٤، مێسی لەو دوو یارییەدا سێ گۆڵی تۆمارکرد و دوو گۆڵەکەی دیکەش هەر ئەو دروستی کردن. پاشان لە یاری جامی سوپەری ئەورووپا لە پاسێکی گوارین یەک لە دوو گۆڵەکەی بارسای تۆمارکرد بەرامبەر پۆرتۆو ئەو جامەشیان بەدەست هێنا.

لە یەکەم یاری خۆی لەلیگا بەرامبەر ڤیارڕیاڵ دوو گۆڵی تۆمارکرد. لە ١١/١٧ لەو یارییەی ٧–٠ شکستیان بە ئۆساسۆنا هێنا و مێسی هاتریکی تۆمارکرد، لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵی یەکەمدا سەلماندی لە دەرەوەی یاریگاش باشترینە کاتێک گۆڵەکەی پێشکەشکرد بە کورێکی ١٠ ساڵەی مەغریبی بە سۆفیان کە هاندەرێکی سەرسەختی بولگرانابوو تووشی حاڵەتێکی نەخۆشی دەگمەن هاتووە و ژیانی لە سەرە مەرگدا بوو.

لە ٩/٢٨ یەکەم دوو گۆڵی خۆی لە خولی پاڵەوانەکاندا بەرامبەر باتی بۆریسۆڤ تۆمارکرد و بووە دووەم گەورەترین گۆڵکاری مێژووی بەرشلۆنە، کە گۆڵەکانی گەیاندە ١٩٤ گۆل و لەگەڵ لازلۆ کوبالا یەکسانی کردەوە. پاشان لە یاری بەرامبەر ڕاسینگ ٢ گۆڵی تۆمارکرد و کوبالای بەجێهێشت. لە یاری بەرامبەر مایۆرکا گۆڵی ژمارە ٢٠٠ی خۆی تۆمارکرد و بووە دووەم گۆڵکاری مێژووی بارسا لە لالیگا، مێسی یەکەم خۆڵی لەسەر یاریگای سان مامێس تۆمارکرد لە یارییەکەی مێژوویەکەی نێوان بەرشلۆنە و ئەتلەتیک بلباو کە لە دواییین خولەکدا مێسی گۆڵی بەرامبەری بۆ بارسا تۆمارکرد و ٢–٢ تەواوبوو. پاشان لە یاری بەرامبەر ئەیسی میلان کە ٣–٢ بردیانەوە بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا گۆڵی لە تیپێکی ئیتاڵی تۆمارکرد.

وەرزی ٢٠١٢–٢٠١٣

دەتوانین بڵێین لەم ساڵە بارسێلۆنا بێ بەختی ڕووی تێکرد، هەر لەسەرەتای وەرزەوە لە کلاسیکۆی سوپەری ئیسپانیا تووشی دۆڕاندن هاتن، هەر لەهەمان وەرز لە قۆناغێکی خولی یانە پاڵەوانەکان ڕووبەڕووی ئەیسی میلان بوونەوە لەیاری چوون (٠–٢) تووشی شکست بوونەوە، بەڵام لەیاری گەڕانەوە لە کامپ نۆ بارسا بە بەهێزی گەڕایەوە و (٠–٤) توانیان ببەنەوە و بگەنە قۆناغی داهاتوو کە مێسی دوو گۆڵی مێژوویی و ئەسیستێک بارسای سەرخست. لیۆ ڕێکەوتنامەکەی لەو ساڵەدا نوێ کردەوە لەگەڵ بارسا هەتا ساڵی ٢٠١٨ بە ١٣ ملیۆن. لەو ساڵەدا مێسی تووشی پێکانە قورسەکەی بوو لە ئەژنۆیدا کە لەیاری خولی یانە پاڵەوانەکان بەرامبەر پاریس سان جێرمان تووشی هات لە ٢ی ئەپریل. لەکاتێکدا لیۆ پێکانی هەبوو بارسا ڕووبەڕوی یانەی بایرن میونخ بووەیەوە و بەئەنجامێکی چاوەڕوانکراو تووشی شکست هاتن. مێسی لەکاتێکدا پێکانی هەبوو بەڵام لە ٢١ یاری لالیگای ئەو وەرزە ٣٠ گۆڵی هەبوو، کاتێک گەڕایەوە بەرامبەر یانەی ئۆساسۆنا توانی سوپەر هاتریک (٤) گۆڵ تۆماربکات؛ و لەکۆتایی وەرزیشدا توانیان زاڵبن بەسەر پێکانەکاندا و نازناوی لالیگایان بەدەستهێنا.

وەرزی ٢٠١٣–٢٠١٤

لەم ساڵەدا مێسی چەند ڕیکۆردێکی مێژوویی نوێی تۆمارکرد، بەڵام یانەکەی بەبێ هیچ نازناوێک ساڵی بەڕێکرد. لەو ساڵەدا لە کلاسیکۆی ئیسپانیا بەرامبەر ڕیاڵمەدرید توانی هاتریک تۆماربکات و ڕیکۆردی گۆڵکاری مێژوویی کلاسیکۆ بکات بە ناوی خۆیەوە. هەر لەهەمان ساڵدا توانی ببێتە گۆڵکاری مێژوویی بەرشەلۆنە بە ٣٦٩ گۆڵ. لەیاری کۆتایی شای ئیسپانیا تووشی شکست هاتن و لە جەولەی کۆتایی خولی ئیسانیی بەرامبەر ئەتلەتیکۆمەدرید تووشی شکست هاتن و نازناوەکەیان بەدەستنەهێنا. هەر لەو ساڵەدا جامی جیهانی ٢٠١٤ی بەڕزیل بەڕێوەچوو کە هەڵبژاردەکەی مێسی لەو مۆندیالە ئاستێکی باشیان نیشاندا، لیۆ توانی ٤ گۆڵ بۆ هەڵبژاردەکەی بکات و لە یارییەکان ئەرجەنتینی ڕزگاردەکرد، بەڵام لەیاری کۆتایی تووشی شکست هاتن و مێسیش بوو بە باشترین یاریزانی مۆندیالی ٢٠١٤.

وەرزی ٢٠١٤–٢٠١٥

ئەم وەرزە بۆ مێسی و هاوڕێکانی وەرزێکی مێژوویی بوو چونکە سێ نازناوە سەرەکییەکەی ئەوروپایان بەدەستهێنا. سەرەتا یەکەم یاری لالیگای ئیسپانیا بە یاری بارسێلۆنا و ئیلیچ کە لیۆ دوو گۆڵی تۆمارکرد. لەگرنگترین ساتەکانی مێسی لەم وەرزە مێژوویی توانی ببێتە گۆڵکاری مێژوویی خولی ئیسپانیا بەرامبەر سیڤیلییە بەتۆمارکردنی هاتریک بە ٢٥١ گۆڵ، زۆرترین گۆڵ دروستکردن لە مێژوویی لالیگا کە لە لویس فیگۆی تێپەڕاند، لە یارییەکدا لە ٨ی مانگی سێ بەرامبەر ڕایۆ ڤالیکانۆ توانی هاتریکێک لە ١١ خولەک تۆمار بکات. لە ١١ی مانگی یەک بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بۆ یەکەمجار سێ هێرشبەرە مێژوویییەکەی بارسا سواریز و نەیمار بە هاوبەشی لەگەڵ لیۆ گۆڵیان لەو یارییە تۆمارکرد لەهەمان ساڵدا بە هەر سێکیان توانیان ١٢٢ گۆڵ تۆماربکەن کە زیاتر لە هەر یانەیەکی ئەوروپا. لەیاری پێش کۆتایی خولی یانە

پاڵەوانەکان بەرامبەر بایەرن میونخ مێسی توانی هەموو جیهان تووشی شۆک بکات کاتێک لە ٣ خولەک دوو گۆڵی مێژوویی و گرنگ تۆمار بکات کە گۆڵی دووەمی لە تۆڕی بایرن بوو بە جوانترین گۆڵی ئەورووپا کاتێک بواتینگی بە مراوغەیەک تێپەڕاند و یارییەکە (٠–٣) بە سوودی بارسا کۆتایی هات. لە ٣٠مانگی پێنجی ٢٠١٥ لەیاری کۆتایی شای ئیسپانیا بارسا بەرامبەر ئەتلەتیک بلباو لەو یارییەدا لیۆ توانی نمایشێکی سەرنج ڕاکێش لەپێش هاندەران بکات کاتێک توانی دوو گۆڵ تۆماربکات و گۆڵی یەکەمی لیۆ لەو یارییە بەیەکێک لەجوانترین گۆڵەکان دادەنرێت یارییەکە (١–٣) بەسوودی بارسا کۆتایی هات و جامەکەیان بردەوە. لە ٦ی مانگی شەشی ٢٠١٥ لەیاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکان بەرامبەر (یۆڤانتۆس) کە بارسا توانی (١–٣)یارییەکە بباتەوە بۆ جاری پێنجەم نازناوەکە بباتەوە و مێسیش بۆ جاری چوارەم لە مێژوویی خۆیدا، لەم یارییە لیۆ گۆڵی تۆمارنەکرد، بەڵام گۆڵەکان لەڕێی پاسەکانی لیۆ بوو بەتایبەت گۆڵی دووەم و گۆڵی بردنەوە کاتێک شووتێکی بەهێزی بۆ گۆڵپارێز نارد و بەڵام سواریز گەیشتە سەری و گۆڵی بردنەوەی تۆمار کرد، لیۆ توانی بە ١٠ گۆڵ ببێتە گۆڵکاری خول و بە ٦ ئەسیست ببێتە زۆرترین گۆڵدروستکەری خولی یانە پاڵەوانەکان، لەبەر ئەم دەست کەوتانەش خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەورووپای پێدرا بۆ جاری دووەم لەمێژوویدا.

وەرزی ٢٠١٥–٢٠١٦

لە دەستپێکی وەرزی نوێدا مێسی لە یاری جامی سوپەری ئەورووپی بەرامبەر سیڤیلیا توانی لەو یارییەدا دوو گۆڵ بەلێدانی ڕاستەوخۆ تۆماربکات و یارییەکەش (٤–٥) لەسوودی بارسا کۆتایی پێهات. لەدوای ئەمە بەرامبەر ئەتلەتیک بلباو لەجامی سوپەری ئیسپانیا تووشی شکست هاتن و جامەکەیان لەدەستدا. لە ١٦ی مانگی ئەیلوول توانی بگاتە ١٠٠ یاری لە خولی یانە پاڵەوانەکان بە کەمترین تەمەن. لە ٢٦ی هەمان مانگ مێسی تووشی پێکانێکی قورس هاتەوە لە ئەزنۆیدا کە وای کرد شەش بۆ هەشت هەفتە لەیاری داببڕێت. لە ٢١ی تشرینی دووەم لەیاری کلاسیکۆ بەرامبەر ڕیاڵمەدرید گەڕایەوە و گێمی دووەم هاتە ناو یاری و گۆڵی چوارەم لەڕێگەی لیۆ تۆمارکرا و یارییەکە (٠–٤) لەسوودی بارسا کۆتایی هات. خۆشترین ساتەکان لەم وەرزە بۆ مێسی وەرگرتنی خەڵاتەکانی توپی ئاڵتوون و باشترین یاریزانی ئەورووپا و باشترین یاریزانی لالیگا بوو کە لیۆ توانی بۆ پێنجەم جار لەمێژوودا تۆپی ئاڵتوونی بباتەوە، کە ئەمەش وای کرد ببێتە یەکەم یاریزان لەمێژوودا زۆرترین بالۆن دۆر بباتەوە و شکاندنی زۆر ئەستەمە.. لەقۆناغی ١٦ی چامپیۆنس لیگ بەرامبەر (ئەرسیناڵ) مێسی توانی لەیاری یەکەم ٢ گۆڵ تۆمار بکات و لەیاری دووەمیش گۆڵێک بکات. بەڵام لەم وەرزە لیۆ لەچامپیۆنس لیگ لەقۆناغی ٨ نەیانتوانی بەربەستی ئەتلەتیکۆ مەدرید ببڕن و لەو قۆناغە مااڵواییان کرد. لەم وەرزەدا لیۆ لەگەڵ یانەکەی توانی دوو نازناو بباتەوە ئەویش نازناوی خولی ئیسپانی و شای ئیسپانی کە بەرامبەر سیڤیلییە (٠–٢) سەرکەوتن و لەیاریەکەدا مێسی دوو گۆڵی دروست کرد و کۆتاییان بەو وەرزە هێنا و لەمانگی ٨ ڕووبەڕووی سیڤیلییە دەبنەوە لەیاری کۆتایی سوپەری ئیسپانیا.

وەرزی ٢٠١٦–٢٠١٧

وەرزی ٢٠١٧–٢٠١٨

وەرزی ٢٠١٨–٢٠١٩

وەرزی ٢٠١٩–٢٠٢٠

ژیانی پیشەگەری لەگەڵ هەڵبژاردەی نەتەوەیی

تاکە ڕەخنە کە لە مێسی دەگیرێت و بووەتە خاڵی لاوازی ئەم کەڵە یاریزانە، لاوازییەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئارجەنتین کە مەبەست لە لاوازی پێشکەشنەکردنی هەمان ئەو ئاستەیە کە لەگەڵ بەرشلۆنە پێشکەشی دەکات.

مێسی لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠٠٤ بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئارجەنتینی خوار ٢٠ ساڵ کرا بۆ یارییە دۆستانەکەی بەرامبەر پاراگوای، لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکێک بوو لەو یاریزانانەی ئارجەنتینی خوار ٢٠ ساڵ کە جامی جیهانی لاوانیان بردەوە لە هۆڵەندا. خەڵاتی باشترین یاریزان و گۆڵکاری جامەکەی پێبەخشرا. یەکەم یاری خۆی لەگەڵ تیپی یەکەمی ئارجەنتین لە بەرامبەر هەنگاریا بوو کاتێک تەمەنی ١٨ ساڵ بوو لە ساڵی ٢٠٠٥. لە خولەکی ٦٣ دا هاتە ناو یاریگا بەڵام لە خولەکی ٦٥ ناوبژیوان بە کارتی سوور کردییە دەرەوە چونکە کەلەیەکی لە سنگی بەرگریکار ڤیلمۆس ڤانزاک دا لەبەر ئەوەی ڤانزاک درێسەکەی مێسی ڕاکێشا بوو.

لە ٩/٣ مێسی دووبارە بانگهێشتی ئارجەنتین کرایەوە لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی ٢٠٠٦ لەو یارییەی دۆڕان بە پاراگوای. لە ٢٨ی ئازاری ٢٠٠٩ لە یاری پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی ٢٠١٠ بەرامبەر ڤەنزوێلا بۆ یەکەمجار مێسی درێسی ژمارە ١٠ی پۆشی، ئارجەنتین ٤–٠ یارییەکەی بردەوە و مێسی گۆڵی یەکەم تۆمارکرد.

لە ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ لە یارییەکی دۆستانەدا و لە کلاسیکۆی جیهان مێسی لە دواییین خولەکدا گۆڵی بردنەوەی لە هەڵبژاردەی بەڕازیل تۆمارکرد، کە یەکەم گۆڵی ئەو یاریزانە بوو لە بەرامبەر بەڕازیل. مێسی دووبارە لە دواییین خولەکدا گۆڵی بردنەوەی بۆ ئارجەنتین تۆمارکرد لە یاری دۆستانەی بەرامبەر پۆرتوگال کە ٢–١ بردیانەوە.

جامی جیهانی ٢٠٠٦

مێسی لە کۆتایی وەرزی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ تووشی پێکان هاتبوو بۆ ماوەی دوو مانگ و ترسی ئەوە هەبوو نەتوانێت بەشداری لە جامی جیهانی ٢٠٠٦ بکات. بەڵام لە وادەی خۆیدا لە پێکانەکەی چاک بووەوە و بانگهێشتی تانگۆ کرا بۆ جامی جیهانی. لە یەکەم یاری ئارجەنتین لە پاڵەوانێتییەکە بەرامبەر کۆت دیڤوار مێسی تەنیا بینەربوو لەسەر کورسی یەدەگ و ئارجەنتین یارییەکەی بردەوە. لە دووەم یاری بەرامبەر سربیا و مۆنتینیگرۆ مێسی بەشداری کردوو بووە گەنجترین یاریزان کە لە جامی جیهانی یاری بۆ ئارجەنتین کردبێت کاتێک لە خولەکی ٧٤ جێگای ماکسی ڕۆدریگێزی گرتەوە. گۆڵێکی بۆ هێرنان کریسپۆ دروست کرد و و گۆڵی شەشەمی یارییەکەی تۆمارکرد لەو یارییەی ٦–٠ بردیانەوە، بەوەش بووە بچووکترین یاریزان کە بە ماوەیەکی کەم دوای هاتنە ناوەوەی گۆڵی تۆمار کردبێت؛ و بووە شەشەم بچووکترین یاریزان کە گۆڵی لە جامی جیهانی تۆمارکردبێت.

مێسی لە یاری بەرامبەر هۆڵەندا لە پێکهاتەی سەرەکیدا بوو بەڵام یارییەکە (٠–٠) بەکۆتا هات. پاشان لە یاری بەرامبەر مەکسیک لە خولەکی ٨٤ بەشداریکرد و گۆڵێکی تۆمارکرد بەڵام بە بیانووی ئۆفساید ڕەتکرایەوە پاشان لە کاتی زیادکراو بە گۆڵێکی مێژوویی ماکسی ڕۆدریگێز ئارجەنتین (٢–١)یارییەکەی بردەوە. دوای تەواوبونی کاتی ئاسایی (١–١). لە یاری چارەگی کۆتاییدا بەرامبەر ئەڵمانیا خۆزێ پیکەرمانی ڕاهێنەر، مێسی لەسەر کورسی یەدەگ هێشتەوە و بەشداری پێنەکرد. سەرەنجام بە لێدانەکانی سزای یەکلاکەررەوە ئەڵمانیا یارییەکەی بردەوە و ئارجەنتین مااڵوایی کرد.

کۆپا ئەمریکا ٢٠٠٧

یەکەم یاری مێسی لە کۆپا ئەمریکا بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لەو یارییەی ئارجەنتین (٤–١) سەرکەوتنی بەدەست هێنا و مێسی ڕۆڵی گۆڵ دروستکەری بینی، لە خولەکی ٧٩ تێڤێز جێگای مێسی گرتەوە و ڕاستەوخۆ گۆڵێکی تۆمارکرد. دووەم یاری مێسی بەرامبەر کۆڵۆمبیا بوو تێیدا لێدانیکی سزای لەسەر گیرا و کریسپۆ لێدانە سزاکەی جێبەجێ کرد. پاشان فاوڵێکی لەسەر گیرا و خوان ڕۆمان ڕیکێڵمی لێدانە ڕاستەوخۆکەی جێبەجێکرد و گۆڵی تۆمارکرد. دوای ئەوەی ئارجەنتین خۆی گەیاندە قۆناغی چارەگی کۆتایی ڕاهێنەر پشووی بە مێسی دا لە یاری بەرامبەر پاراگوای و لە خولەکی ٦٤ هاتە ناو یاریگا و گۆڵێکی بۆ خافییر ماسکێرانۆ دروست کرد. پاشان لە یاری بەرامبەر پیرۆ لە پاسێکی ڕیکێلمی، مێسی دووەم گۆڵی یارییەکەی تۆمارکرد و ئارجەنتین ٤–٠ بردییەوە. پاشان لە قۆناغی پێش کۆتا بەرامبەر مەکسیک مێسی تۆپەکەی فرێدایە پشت ئۆسڤاڵدۆ سانچێز و ئارجەنتینی گەیاندە یاری کۆتایی جامەکە بەڵام لە یاری کۆتایی (٣–٠) بە بەڕازیل دۆڕان.

ئۆڵۆمپیادی ٢٠٠٨

یاری نێوان بەڕازیل و ئارجەنتین لە ئۆڵمپیادی ٢٠٠٨

سەرەتا بارسێلۆنا ڕازی نەبوو ڕێگا بە مێسی بدات بەشداری لە ئۆڵۆمپیادی ساڵی ٢٠٠٨ بکات، بەڵام مێسی قسەی لەگەڵ پیپ گواردیۆلا کرد کە تازە بووەوە ڕاهێنەری بارسێلۆنا و ڕەزامەندی ئەوی بەدەست هێنا. مێسی گۆڵی یەکەمی بۆ ئارجەنتین تۆمارکرد بەرامبەر کۆتدیڤوار کاتێک (٢–١) بردیانەوە. پاشان لە یاری بەرامبەر هۆڵەندا گۆڵێکی تۆمارکرد و و

گۆڵێکی بۆ ئەنخل دی ماریا دروست کرد لە کاتی زیادکراودا. پاشان شکستیان بە بەڕازیل هێنا ٣–٠ و لە یاری کۆتایدا گۆڵێکی بۆ ئەنخل دی ماریا دروست کرد و ئارجەنتین شکستی بە نێجیریا هێنا و مەدالیای ئاڵتوونی بردەوە.

جامی جیهانیی ٢٠١٠

مێسی لە یەکەم یاری ئارجەنتین لە جامی جیهانی تا کۆتایی یاری کرد لەو یارییەی (١–٠) لە نێجیریایان بردەوە. چەندین جار نزیک بوو لە تۆمارکردنی گۆڵ بەڵام ئینییامای گۆڵپارێز هەموویانی ڕەتکردەوە. لە دووەم یاریدا (٤–١) شکستیان بە کۆریا هێنا و مێسی یارمەتی هیگواینیدا بۆ ئەوەی لەو یارییە هاتریک تۆماربکات. پاشان لە یاری بەرامبەر یۆنان مێسی کاپتنی ئارجەنتین بوو، یارییەکەیان (٢–٠) بردەوە و مێسی وەک باشترین یاریزانی یارییەکە دەست نیشانکرا. لە قۆناغی ١٦ دا، دروسکەری گۆڵێک بوو بۆ کارلۆس تێڤێز لەو یارییەی ئارجەنتین (٣–١) سەرکەوتنی بەدەست هێنا. تا ئەو کاتە ئارجەنتین ئاستێکی زۆر بەرزی لە جامی جیهانی پێشکەش کردبوو. بەڵام لە قۆناغی چارەگی کۆتایی تووشی شکستێکی مێژوویی هات بەرامبەر ئەڵمانیا و (٤–٠) شکستیان خوارد و ماڵاواییان کرد.

کۆپا ئەمریکا ٢٠١١

مێسی بەشداری لە کۆپا ئەمریکای ٢٠١١ کرد بەڵام شکستی هێنا لەوەی بتوانێت هیچ گۆڵێک تۆماربکات[٣٠] لە بەرامبەردا سێ گۆڵی دروست کرد؛ و هەروەها لە یاری بەرامبەر بۆلیڤیا و کۆستاریکا بە باشترین یاریزان دەست نیشانکرا. ئارجەنتین لە قۆناغی چارەگی کۆتایی بە لێدانەکانی سزای یەکلاکەرەوە دۆڕا بە ئۆرۆگوای و ماڵاوایی کرد.[٣١]

وەرزی ٢٠١٢–٢٠١٣

لە ساڵی ٢٠١٢ مێسی توانی لە ٩ یاری بۆ هەڵبژاردەکەی ١٢ گۆڵ تۆماربکات، توانی ڕیکۆردەکەی گابریێل باتیستوتا بشکێنێت کە لەساڵێکدا زۆرترین گۆڵ بۆ تانگۆ تۆمار بکات. لەڕێکەوتی ٢٩ی مانگی دووی ٢٠١٢ بەرامبەر هەڵبژاردەی سویسرا مێسی توانی هاتریک تۆماربکات، هەر لەهەمان ساڵ توانی بەرامبەر گواتیمالاش هاتریکێکی تر تۆماربکات و لەیاری سوپەرکلاسیکۆ کەبەرامبەر بەڕازیلبوو هاتریکێکی مێژوویی تۆماربکات.

جامی جیهانیی ٢٠١٤ی بەڕازیل

لەم جامی جیهانیە لیۆ توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لەگەڵ هەڵبژاردەکەی، یەکەم یاری لەجامی جیهانی بەرامبەر هەڵبژاردەی بۆسنە لیۆ توانی بەگۆڵێک یارمەتی هەڵبژاردەکەی بدات و یارییەکە (٢–١) ببەنەوە. لەیاری دووەمدا بەرامبەر هەڵبژاردەی ئێران مێسی توانی لەدوا ساتەکاندا گۆڵێکی مێژوویی بۆ هەڵبژاردەکەی تۆماربکات و سەرکەوتنی بۆ بەدەستبێنێت. لەیاری سێیەمدا توانی دوو گۆڵ لەهەڵبژاردەی نەیجیریا بکات و یارییەکە (٣–٢) ببەنەوە. لەقۆناغی ١٦ بەرامبەر سویسرا مێسی لەکۆتا ساتی یارییەکەدا بەئەسیستێک توانی گۆڵی بردنەوە بۆ هەڵبژاردەکەی دروستبکات و بگەنە قۆناغی ٨، لەم قۆناغە بەرامبەر بەلجیکا ڕووبەڕوبونەوە یارییەکە (١–٠) لەسوودی تانگۆ کۆتایی هات. لەیاری پێش کۆتایی بەرامبەر هۆڵەندا یارییەکە بەبێ گۆڵ کۆتایی هات و یارییەکە چووە لێدانە سزاکان و لیۆ بەیەکەم لێدانی سزا گۆڵی کرد و (٤–٢) لەسوودی تانگۆ کۆتایی هات و توانیان بگەنە قۆناغی کۆتایی. لەیاری کۆتاییدا بەرامبەر ئەڵمانیا بوونەوە و لەگێمێکی یارییەکە مێسی ٣ هەوڵی گۆڵی دا و بەڵام دانەیەک بەبیانووی ئۆفساید ڕەتکرایەوە، یارییەکە بەبێ گۆڵ چووە گێمی کاتی زیادکراو، لەگێمی زیادکراوی دووەم بەگۆڕانکارییەکی ئەڵمانیا ماریۆ

گۆتزە گۆڵێکی تۆمارکرد لە کاتێکی کوشندە بەهۆی ئەمەوە هەڵبژاردەکەی لیۆ بێ بەش بوون لەجامی جیهانی، بەڵام مێسی بەباشترین یاریزانی جامی جیهانی ٢٠١٤ هەڵبژێردرا بە تۆمارکردنی ٤ گۆڵ و ئەسیستێک و زۆر مراوغەی سەرکەوتوو و زۆرترین چانسی گۆڵکردن.

کۆپا ئەمریکای ٢٠١٥ی چیلی

لە پاڵەوانێتی کۆپا ئەمریکا جارێکی تر هەڵبژاردەکەی لیۆ لەیاری کۆتایی تووشی شکست بووەیەوە. لەیاری یەکەمی کۆپا ئەمریکا بەرامبەر پاراگوای یاریەکە (٢–٢) کۆتایی پێهات لیۆ توانی گۆڵێک بکات و گۆڵێکیش دروست بکات و بەباشترین یاریزانی یاریەکە دەستنیشان کرا. مێسی لەیاری ئۆرۆگوایی لەیاری دووەم توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و یاریەکە (٠–١) کۆتایی پێ بێت و لیۆ بۆ دووەم جار خەڵاتی باشترین یاریزانی یاریەکەی پێ بەخشرا. لەقۆناغی ٨ بەرامبەر کۆڵۆمبیا توانیان بەلێدانەکانی سزا (٤–٥) تانگۆ براوە ببێت، لە یاری پێش کۆتایی بەرامبەر پاراگوای لیۆ توانی سێ گۆڵ بۆ هەڵبژاردەکەی دروستبکات و بە (١–٦) تانگۆ بگاتە یاری کۆتایی. لەیاری کۆتایی کۆپا ئەمریکا بەرامبەر چیلی مێسی دیسان نەیتوانی جامەکە بباتەوە بۆ هەڵبژاردەکەی بەلێدانە سزاکان (١–٤) چیلی براوە بوو، بەڵام مێسی توانی لێدانی سزای یەکەم تۆماربکات و بەڵام یاریزانەکانی تر نەیانتوانی سەرکەوتووبن.

کۆپا ئەمریکای ٢٠١٦ی ئەمریکا

لیۆ لەم پاڵەوانێتییەدا لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەئاستێکی نایاب دەرکەوت، لەیاری یەکەمدا بەرامبەر هەڵبژاردەی چیلی بەهۆی پێکانەوە ڕاهێنەر یاری بەسەرکی پێنەکرد و یاریەکەش (١–٢) بەسوودی تانگۆ کۆتایی هات. لەیاری دووەمدا بەرامبەر هەڵبژاردەی پەنەما لیۆ لەگێمی یەکەم لەسەر کورسی یەدەگ بوو بەڵام گێمی دووەم بەشداریکرد و توانی هاتریک تۆماربکات لەماوەی ١٩ خولەک. لە ١٨ی مانگی ٦ لەقۆناغی ٨ بەرامبەر هەڵبژاردەی ڤەنزوێلا، مێسی توانی دوو ئەسیست و گۆڵێک هەڵبژاردەکەی سەربخات بۆ پێش کۆتایی کە بەو گۆڵە گۆڵەکانی لەگەڵ گابریێڵ باتیستوتای هاونیشتمانی یەکسانکردەوە ٥٤ گۆڵ. لەیاری پێش کۆتایی بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەمریکای خاوەن یاریگا لیۆ دیسان چەند ڕیکۆردێکی نوێی تۆمارکرد، کەلەناو یاریەیە بە دوو ئەسیست و گۆڵێک هەڵبژاردەکەی گەیاندە یاری کۆتایی، بەو گۆڵە کۆی گۆڵەکانی لەگەڵ تانگۆ گەیاندە ٥٥ گۆڵ و پێش باتیستوتا کەوت وەک گۆڵکاری مێژوویی و بە ١٢ ئەسیست یەکەم گۆڵدروستکەری مێژوویە لەکۆپا ئەمریکا.

کۆپا ئەمریکای ٢٠١٩ی بەڕازیل

بابەتی سەرەکی: کۆپا ئەمریکای ٢٠١٩

لە پاڵەوانییەتی کۆپا ئەمریکا ٢٠١٩دا، ئەرجەنتین کەوتبووە کۆمەڵەی کۆڵۆمبیا، پاراگوای و قەتەر (کەوا وەک مێوان بەشداربوون). مێسی بەشداری گشت یاریەکانی کۆمەڵەی گرووپەکانی کرد، ئەرجەنتین بردنەوەیەک و دۆڕانێک و یەکسانبوونێکی بەرامبەر قەتەر، کۆڵۆمبیا و پاراگوای بەدەستهێنا و بە پلەی دووەم بە ٤ خاڵ سەرکەوت بۆ قۆناغی هەشت. لەم قۆناغەدا تانگۆ بەرامبەر ڤەنزوێلا ٢–٠ سەرکەوتنی بەدەستهێنا و سەرکەوت بۆ یاری پێشکۆتایی. مێسی گوتی کە ئەمە باشترین کۆپا ئەمریکا نەبووە بۆ من بەهۆی تۆمارنەکردنی گۆڵ زۆر.[٣٢] لە یاری پێشکۆتایی، ئەرجەنتین کەوتە بەرامبەر بەڕازیل و یاریەکەیان دۆڕاند. دوای یاریەکە مێسی لێدوانی توندی دژی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەمریکا دا و بە لایەنگری تۆمەتباری کردن، کە لە ئەنجامدا بۆ سێ یاری ڕاگیرا و سزای دارایی بەسەردا سەپێنرا. دواییەن

یاری ئەرجەنتین لە کۆپا ئەمریکا بەرامبەر چیلی بوو. لەم یارییەدا مێسی کارتێکی سووری وەرگرت بەهۆی پێکدانانیان لەگەڵ یاریزانی چیلی مێدێل، بەڵام ئەرجەنتین توانی یارییەکە بە ئەنجامی ٢–٠ بباتەوە و پلەی سێیەم مسۆگەر بکات، هەرچەندە مێسی ئامادەنەبوو بەشداری ئاهەنگێرانەکە بکات چونکە بە گوتەی خۆی «نەیدەویست لەم شەرمەزارییەی کە کۆپا ئەمریکا هەیبوو بەشداربێت».

کووپا ئەمریکای ٢٠٢١

جامی کووپا ئەمریکای ٢٠٢١ لە وڵاتی بەڕازیل بەڕێوەچوو لەم پاڵاوانێتییەدا هەڵبژاردەی ئەرژەنتین توانی ئاستێکی باش پێشکەش بکات. هەڵبژاردەکە کەوتە کۆمەڵەی ئەی. لە یارییەکانی کۆمەڵەکان لە یەکەم یاری خۆیدا ئەرژەنتین ڕووبەڕووی چیلی بوو وەوە، لەم یارییە میسی توانی لە خولەکی " ٣٣ " گۆڵی سەرکەوتنی هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات. یاری دووەمی ئەرژەنتین بەرامبەر هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئوروگوای بوو توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بە ئەنجامی (١–٠)یارییەکەیان بردەوە میسی نەی توانی گۆڵ تۆمار بکات. لە یاریی سێیەمی ئەرژەنتین کە بەرامبەر هەڵبژاردەی تۆپی پێی بۆلیڤیا توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٤–١)یارییەکەی بردەوە میسی لەم یارییەدا توانی دوو گۆڵ لە خولەکەکانی "٣٣" (بە لێدانی سزا)"٤٢". تۆمار بکات. هەروەها لە یاریی قۆناغی هەشت ئەرژەنتین ڕووبەرووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێکوادۆر بوو وەوە بە ئەنجامی (٣–٠) سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لەم یارییە میسی لە خولەکی "٣"زیادکراوی تایمی دووەم توانی گۆڵێک تۆمار بکات. هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە یاریی کۆتایی جامی کووپا ئەمریکا توانی نازناوەکە بەدەست بهێنێت . میسی بووە باشترین یاریزان و گۆڵکاری پاڵاوانێتییەکە بەمەش میسی یەکەم نازناوی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەدەست هێنا.

نازناوەکان

لەگەڵ بارسێلۆنا

سەرچاوەکان:[٣٣][٣٤]

- ٨ نازناوی لالیگا: (٢٠٠٤–٢٠٠٥)، (٢٠٠٥–٢٠٠٦)، (٢٠٠٨–٢٠٠٩)، (٢٠٠٩–٢٠١٠)، (٢٠١٠–٢٠١١)، (٢٠١٢–٢٠١٣، (٢٠١٤–٢٠١٥)، (٢٠١٥–٢٠١٦)، (٢٠١٧–٢٠١٨)، (٢٠١٨–٢٠١٩)
- ٥ نازناوی کۆپا دێل ڕەی: (٢٠٠٨–٢٠٠٩)، (٢٠١١–٢٠١٢)، (٢٠١٤–٢٠١٥)، (٢٠١٥–٢٠١٦)، (٢٠١٦–٢,١٧)، (٢٠١٧–٢٠١٨)، (٢٠٢٠-٢٠٢١)
- ٦ جامی سوپەری ئیسپانیا: ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٣، ٢٠١٦، ٢٠١٨
- ٤ نازناوی خولی پاڵەوانەکان: (٢٠٠٥–٢٠٠٦)، (٢٠٠٨–٢٠٠٩)، (٢٠١٠ – ٢٠١١)، (٢٠١٤–٢٠١٥)
- ٣ جامی سوپەری ئەوروپا: ٢٠٠٩، ٢٠١١، ٢٠١٥
- ٣ جامی جیهانی یانەکان: ٢٠٠٩، ٢٠١١، ٢٠١٥
-

مێسی بەدرێسی ئەرجەنتین ساڵی ٢٠١٢

لەگەڵ ئارجەنتین

- ١ جامی جیهانی هەڵبژاردەکان خوار ٢٠ ساڵ: ٢٠٠٥
- ١ مەدالیای ئاڵتوونی ئۆڵمپی: ٢٠٠٨
- ١ جامی کووپا ئەمریکای ٢٠٢١

گۆڵکردنی بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین

هەڵبژاردەی نیشتیمانی	ساڵ	یاری	گۆڵ
یاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بۆ خوار تەمەنی ٢٠ ساڵان	٢٠٠٥	١٦	١١
کۆی گشتی		**١٦**	**١١**
یاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بۆ خوار تەمەنی ٢٣ ساڵان	٢٠٠٨	٥	٢
کۆی گشتی		**٥**	**٢**
هەڵبژاردەی یەکەمی ئەرجەنتین	٢٠٠٥	٥	٠
	٢٠٠٦	٧	٢
	٢٠٠٧	١٤	٦
	٢٠٠٨	٨	٢
	٢٠٠٩	١٠	٣
	٢٠١٠	١٠	٢
	٢٠١١	١٣	٤
	٢٠١٢	٩	١٢
	٢٠١٣	٧	٦
کۆی گشتی		**١١٢**	**٥٥**

نازناوە تاکەکەسییەکان

- ٧ تۆپی ئاڵتوونی: ٢٠٠٩–٢٠١٠–٢٠١١–٢٠١٢–٢٠١٥–٢٠١٩–٢٠٢١
- ١ تۆپی ئاڵتوونی فرانس فوتبۆڵ: ٢٠٠٩
- ٨ پێکهاتەی نموونەیی جیهانی فیفا: ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥
- ١ نازناوی باشترین یاریزانی ئەوروپای خوار ٢١ ساڵ: ٢٠٠٧
- ٥ نازناوی باشترین یاریزانی لالیگا: ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٥
- ٣ نازناوی گۆڵکاری خولی ئیسپانی: ٢٠٠٩–٢٠١٠ و ٢٠١١–٢٠١٢ و ٢٠١٢–٢٠١٣
- ١ نازناوی گۆڵکاری کۆپا دێل ڕەی: ٢٠١١
- ٣ نازناوی باشترین یاریزانی بێگانەی لالیگا: ٢٠٠٧، ٢٠٠٩، ٢٠١٠
- ٤ نازناوی باشترین یاریزانی ئەمریکای لاتین لە لا لیگا: ٢٠٠٧، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١
- ٨ نازناوی باشترین یاریزانی ئەرجەنتینی لە ساڵ: ٢٠٠٥، ٢٠٠٧, ٢٠٠٨, ٢٠٠٩, ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣
- ٣ پێڵاوی ئاڵتوونی ئەوروپا (گۆڵکاری گشت خولەکانی ئەوروپا): ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١١–٢٠١٢ و ٢٠٠٩–٢٠١٠
- ٣ نازناوی ئەلفریدۆ دیستیفانۆ بۆ باشترین یاریزان: ٢٠٠٩. ٢٠١٠. ٢٠١١
- ٣ نازناوی گۆڵکاری خولی پاڵەوانەکان: ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٥

- ٢ نازناوی باشترین یاریزانی ئەوروپا: ٢٠١١، ٢٠١٥
- ١ نازناوی باشترین هێرشبەری خولی پاڵەوانەکان: ٢٠٠٩
- ١ نازناوی باشترین یاریزانی یاری کۆتایی خولی پاڵەوانەکان: ٢٠١١
- ٢ نازناوی باشترین یاریزانی یاری کۆتایی خولی پاڵەوانەکان کە لەلایەن هاندەرانەوە هەڵبژێردرابێت: ٢٠٠٩، ٢٠١١
- ٣ نازناوی پێکهاتەی نموونەیی ویفا: ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠
- ٥ نازناوی باشترین یاریزانی ئەرژەنتینی ساڵ: ٢٠٠٥، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠.
- ٢ نازناوی باشترین یاریزانی فیفپرۆ: ٢٠٠٩، ٢٠١٠
- ٣ نازناوی باشترین یاریزانی گەنجی فیفپرۆ: ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨
- ٢ نازناوی تایبەتی فیفپرۆ بۆ یاریزانی گەنج: ٢٠٠٧، ٢٠٠٨
- ٤ نازناوی پێکهاتەی نموونەیی فیفپرۆ لەسەر ئاستی جیهان: ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠
- ٢ پێکهاتەی نموونەیی کۆپا ئەمریکا: ٢٠١١، ٢٠١٥
- ١ نازناوی باشترین یاریزان لە جامی جیهانی خوار ٢٠ ساڵ: ٢٠٠٥
- ١ نازناوی یاریزانی ساڵ لەلایەن ڕۆژنامەی لاگازیتۆ دێلۆ سپۆرت: ٢٠١١
- ١ نازناوی گۆڵکاری جامی جیهانی خوار ٢٠ ساڵ: ٢٠٠٥
- ١ نازناوی باشترین یاریزانی گەنجی کۆپا ئەمێریکا: ٢٠٠٧
- ١ نازناوی باشترین یاریزانی تۆپی پێی جیهان: ٢٠٠٨
- ٣ نازناوی باشترین یاریزانی گەنجی تۆپی پێی جیهان: ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨
- ١ نازناوی تۆپی ئاڵتوونی جامی جیهانی یانەکان: ٢٠٠٩
- ٢ نازناوی ئۆنز دی ئۆر (پلەی دووەمی تۆپی ئاڵتوونی): ٢٠٠٩، ٢٠١٠
- ١ نازناوی براڤۆ: ٢٠٠٧
- ١ نازناوی ئاڵتوونی توتۆ سپۆرت: ٢٠٠٥
- ١ نازناوی باشترین یاریزانی مارکا: ٢٠٠٩
- ٢ نازناوی جوانترین گۆڵی ویفا: ٢٠٠٧، ٢٠١٥
- نازناوی باشترین یاریزانی جامی جیهانی ٢٠١٤
- نازناوی باشترین یاریزانی جامی کووپا ئەمریکای ٢٠٢١
- نازناوی گۆڵکاری جامی کووپا ئەمریکای ٢٠٢١
- ١ نازناوی باشترین یاریزانی ساڵ لەلایەن فیفا ٢٠١٩

ڕیکۆردەکان

- یەکەم یاریزان لە مێژوودا زۆرترین تۆپی ئاڵتوون بباتەوە: ٧ جار لە(٢٠٠٩),(٢٠١٠),(٢٠١١),(٢٠١٢),(٢٠١٥),(٢٠١٩)(٢٠٢١)
- یەکەم یاریزانە لەمێژوودا دوو جار ببێتە باشترین یاریزانی ئەورووپا: ٢٠١١، ٢٠١٥
- یەکەم یاریزانە لەمێژوودا زۆرترین گۆڵ تۆماربکات لەیەک یاری چامپیۆنس لیگ: ٥ گۆڵ بەرامبەر بایەرلیقەرکوزن
- یەکەم یاریزانە زۆرترین گۆڵ و گۆڵدروستکردن لە یەک وەرز تۆماربکات: ٢٠١١–٢٠١٢
- یەکەم یاریزانە گۆڵ لە هەموو یانەکانی ئیسپانیا بکات لە وەرزێکدا: ٣٠ گۆڵ لە ١٩ یاریدا لە ٢٠١٢–٢٠١٣
- یەکەم یاریزانە پێنج جار ببێتە گۆڵکاری خولی یانە پاڵەوانەکان: ٢٠٠٨–٢٠٠٩ , ٢٠٠٩–٢٠١٠ , ٢٠١٠–٢٠١١, ٢٠١١–٢٠١٢, ٢٠١٤–٢٠١٥
- یەکەم یاریزانە دوو جار ببێتە باشترین یاریزانی یاری کۆتایی جامی جیهانی یانەکان: ٢٠٠٩، ٢٠١١
- گەنجترین یاریزان لەتەمەنی ٢٣ و ٢٤ ساڵیدا ببێتە باشترین یاریزانی جیهان
- گەنجترین یاریزان کە یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە جامی جیهانی: تەمەنی ١٨، ساڵی ٢٠٠٦
- گەنجترین یاریزان کە گۆڵ بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بکات لە جامی جیهان: تەمەنی ١٨، ساڵی ٢٠٠٦
- گەنجترین یاریزانە کە ببێتە کاپتنی هەڵژاردەکەی جامی جیهانی: ٢٢ ساڵی لە جامی جیهانی ٢٠١٠
- گەنجترین یاریزان کە بگاتە ١٠٠ یاری لە خولی یانە پاڵەوانەکان: ٢٧ ساڵ، ٣٦١ ڕۆژ لە ٢٠١٥
- گۆڵکاری مێژوویی یانەی #بەرشەلۆنە: ٤١٨ گۆڵ.. (بەردەوامە)
- گۆڵکاری مێژوویی خولی #ئیسپانی: ٣١٢ گۆڵ (کتێبی گینس تۆماری کردووە)
- گۆڵدروستکەری مێژوویی خولی #ئیسپانی: ١١٤ ئەسیست
- گۆڵکاری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە ساڵێکدا: ١٢ گۆڵ لە ٢٠١٢
- گۆڵکاری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی: ١٠ گۆڵ
- گۆڵکاری مێژوویی #کلاسیکۆی ئیسپانیا: ٢١ گۆڵ
- گۆڵکاری مێژوویی #دێربی کەتەلۆنیا: ١٣ گۆڵ
- گۆڵکاری مێژوویی یانەی بەرشەلۆنە لە جامی جیهانیی یانەکان: ٤ گۆڵ
- گۆڵکاری مێژوویی یانەی بەرشەلۆنە لە خولی یانە پاڵەوانەکان: ٧٧ گۆڵ
- گۆڵکاری مێژوویی یاریيە دۆستانەکانی ئەرجەنتین: ٢٧ گۆڵ
- گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی ئەرجەنتینی خوار تەمەن ٢٠ ساڵ: ١٤ گۆڵ
- زۆرترین گۆڵ لە یەک وەرزی لالیگای ئیسپانیا: ٥٠ گۆڵ (کتێبی گینس تۆماری کردووە)
- زۆرترین هاتریک لە مێژووی #کلاسیکۆی ئیسپانیا: ٢ هاتریک
- زۆرترین گۆڵدروستکردن لە مێژووی #کلاسیکۆی ئیسپانیا: ١٣ ئەسیست
- زۆرترین جار بووە بە باشترین یاریزانی یارییەکانی #کۆپا ئەمریکا: ٦ جار لە ٢٠١١، ٢٠١٥

- زۆرترین جار بووە بە باشترین یاریزانی یاری کۆتایی جامی جیهانی یانەکان: ٢٠٠٩، ٢٠١١، ٢٠١٥
- زۆرترین جار بووە بە باشترین یاریزانی بەرشەلۆنە لە ساڵ: ٤ جار (٢٠١٠، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٥)
- زۆرترین جار بووە بە باشترین یاریزانی یارییەکان لە جامی جیهانیی ٢٠١٤: ٤ یاری
- زۆرترین گۆڵ لە مێژوویی جامی سوپەری ئیسپانی: ١١ گۆڵ
- زۆرترین گۆڵ لەمێژوودا لە یەک ساڵدا بۆ یانە و هەڵبژاردە: ٩١ گۆڵ لە ٢٠١٢ (چووەتە ناو کتێبی گینسەوە)
- زۆرترین گۆڵ و دروستکردنی گۆڵ لەهەر ٦ خولە گەورەکە لەیەک ساڵدا: ٢٠١١
- زۆرترین هاتریک لە مێژووی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا: ٥ هاتریک
- زۆرترین هاتریک لە وەرزێکی لالیگای ئیسپانیا: ٨ هاتریک لە ٢٠١١–٢٠١٢
- زۆرترین گۆڵ لە نیوەی یاریيەکانی لالیگا: ٢٢ گۆڵ
- زۆرترین گۆڵ تۆمارکردن لەیەک یانە لەخولی یانە پاڵەوانەکان: ٨ گۆڵ بەرامبەر یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی
- زۆرترین گۆڵ لەیەک وەرزی لالیگای ئیسپانیا: ٣١ گۆڵ لە ٢٢ یاری ٢٠١٢–٢٠١٣
- زۆرترین جار ناوی هاتووە لە پێکهاتەی ساڵ: ٨ جار
- زۆرترین جار ناوی لە سێ باشترین یاریزانی جیهان هاتووە: ٨ جار
- زۆرترین گۆڵ لە شارەکان لە خولی یانە پاڵەوانەکان: ٢٣ شار
- زۆرترین گۆڵ لە پاڵەوانێتی جامی سوپەری ئەورووپی: ٣ گۆڵ
- زۆرترین گۆڵ بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لەیەک ساڵدا: ١٢ گۆڵ لە ٢٠١٢
- زۆرترین گۆڵ بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە یاریيەکانی پاڵاوتن: ١٠ گۆڵ
- زۆرترین گۆڵ بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە یاریيە دۆستانەکان: ٢٧ گۆڵ
- گۆڵکاری مێژووییی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین: ٥٥ گۆڵ
- یەکەمین یاریزانی مێژووە بتوانێت لە ٧ یاری کۆتایی جامی شا گۆل تۆماربکات: ٩ گۆڵ

زۆرترین گۆڵدروستکردن (ئەسیست) لەمێژوویی کۆپا ئەمریکا: ١٢ ئەسیست

ئاماژەکان

یاری و گۆڵ، وەرز و خولەکان

یانە	وەرز	خوول		جامی شای ئیسپانیا		خوولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا		ئیتر		گشتی	
		ئاست	یاری	گۆڵ	یاری	گۆڵ	یاری	گۆڵ	یاری	گۆڵ	یاری	گۆڵ
بارسیلۆنا ئاستی پلە سێ	٢٠٠٣–٠٤.[٥٤١]	بارسیلۆنا ئاستی پلە سێ	١٠	٥	—		—		—		١٠	٥
بارسیلۆنا ئاستی پلە دوو	٢٠٠٣–٠٤.[٣٩]	بارسیلۆنا ئاستی پلە دوو	٥	٠	—		—		—		٥	٠
	٢٠٠٤–٠٥.[٤٠]	بارسیلۆنا ئاستی پلە دوو	١٧	٦	—		—		—		١٧	٦
		گشتی	**٢٢**	**٦**	**—**		**—**		**—**		**٢٢**	**٦**
بارسیلۆنا	٢٠٠٤–٠٥.[٤٠]	خوولی ئیسپانی	٧	١	١	٠	١	٠	—		٩	١
	٢٠٠٥–٠٦.[٥٤]	خوولی ئیسپانی	١٧	٦	٢	١	٦	١	٠	٠	٢٥	٨
	٢٠٠٦–٠٧.[٥٧]	خوولی ئیسپانی	٢٦	١٤	٢	٢	٥	١	[a]٣	٠	٣٦	١٧
	٢٠٠٧–٠٨.[٧٢]	خوولی ئیسپانی	٢٨	١٠	٣	٠	٩	٦	—		٤٠	١٦
	٢٠٠٨–٠٩.[٨٠]	خوولی ئیسپانی	٣١	٢٣	٨	٦	١٢	٩	—		٥١	٣٨
	٢٠٠٩–١٠.[٩٣]	خوولی ئیسپانی	٣٥	٣٤	٣	١	١١	٨	[b]٤	٤	٥٣	٤٧
	٢٠١٠–١١.[١٠٩]	خوولی ئیسپانی	٣٣	٣١	٧	٧	١٣	١٢	[c]٢	٣	٥٥	٥٣
	٢٠١١–١٢.[١١٦]	خوولی ئیسپانی	٣٧	٥٠	٧	٣	١١	١٤	[d]٥	٦	٦٠	٧٣
	٢٠١٢–١٣.[١٥٨]	خوولی ئیسپانی	٣٢	٤٦	٥	٤	١١	٨	[c]٢	٢	٥٠	٦٠
	٢٠١٣–١٤.[١٦٦]	خوولی ئیسپانی	٣١	٢٨	٦	٥	٧	٨	[c]٢	٠	٤٦	٤١
	٢٠١٤–١٥.[١٨٢]	خوولی ئیسپانی	٣٨	٤٣	٦	٥	١٣	١٠	—		٥٧	٥٨

	٢٠١٥–١٦[٥٤٢]	خوولی ئیسپانی	٣٣	٢٦	٥	٥	٧	٦	٤[e]	٤	٤٩	٤١
	٢٠١٦–١٧[٥٤٣]	خوولی ئیسپانی	٣٤	٣٧	٧	٥	٩	١١	٢[c]	١	٥٢	٥٤
	٢٠١٧–١٨[٥٤٤]	خوولی ئیسپانی	٣٦	٣٤	٦	٤	١٠	٦	٢[c]	١	٥٤	٤٥
	٢٠١٨–١٩[٥٤٥]	خوولی ئیسپانی	٣٤	٣٦	٥	٣	١٠	١٢	١[c]	٠	٥٠	٥١
	گشتی		**٤٥٢**	**٤١٩**	**٧٣**	**٥١**	**١٣٥**	**١١٢**	**٢٧**	**٢١**	**٦٨٧**	**٦٠٣**
کۆی گشتی			**٤٨٤**	**٤٣٠**	**٧٣**	**٥١**	**١٣٥**	**١١٢**	**٢٧**	**٢١**	**٧١٩**	**٦١٤**

سەرچاوەکان

1. "FIFA World Cup Russia 2018: List of Players: Argentina" (https://web.archive.org/web/20190611000407/https://www.fifadata.com/documents/FWC/2018/pdf/FWC_2018_SQUADLISTS.PDF) (PDF). FIFA. 15 July 2018. p. 1. Archived from the original (https://www.fifadata.com/documents/FWC/2018/pdf/FWC_2018_SQUADLISTS.PDF) (PDF) on 11 June 2019. ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٩ لە وەیبەک مەشین، ئەرشیڤ کراوە (https://web.archive.org/web/20190611000407/https://www.fifadata.com/documents/FWC/2018/pdf/FWC_2018_SQUADLISTS.PDF).
2. "FIFA World Cup Russia: List of players: Argentina" (https://web.archive.org/web/20180619164139/https://tournament.fifadata.com/documents/FWC/2018/pdf/FWC_2018_SQUADLISTS.PDF) (PDF). FIFA. 15 July 2018. p. 1. Archived from the original (https://tournament.fifadata.com/documents/FWC/2018/pdf/FWC_2018_SQUADLISTS.PDF) (PDF) on 19 June 2018. Retrieved 13 October 2018. ١٩ی حوزەیرانی ٢٠١٨ لە وەیبەک مەشین، ئەرشیڤ کراوە (https://web.archive.org/web/20180619164139/https://tournament.fifadata.com/documents/FWC/2018/pdf/FWC_2018_SQUADLISTS.PDF).
3. "Lionel Messi" (https://en.psg.fr/teams/first-team/squad/lionel-messi). PSG. Retrieved 23 August 2021.
4. http://www.goal.com/ar/people/8012/ليونيل-ميسى/الأرجنتين
5. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (http://www.taringa.net/posts/deportes/9538185/Messi-de-chiquito-en-grandoli.html). Archived (https://web.archive.org/web/20150414041324/http://www.taringa.net/posts/deportes/9538185/Messi-de-chiquito-en-grandoli.html) from the original on ١٤ی نیسانی ٢٠١٥. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: `|access-date=`, `|archive-date=`)
6. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20130731062742/http://www.biography.com/people/lionel-messi-555732). Archived from the original (http://www.biography.com/people/lionel-messi-555732) on ٣١ی تەممووزی ٢٠١٣. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: `|access-date=`, `|archive-date=`)

7. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20130715061432/http://www.footytube.com/forums/the-stands-general-footy-banter/is-messi-a-cheat-for-taking-human-growth-hormone-24083/). Archived from the original (http://www.footytube.com/forums/the-stands-general-footy-banter/is-messi-a-cheat-for-taking-human-growth-hormone-24083/) on ١٥ی تەممووزی ٢٠١٣. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: |accessdate=, |archivedate=) وەیبەک مەشین، ١٥ی تەممووزی ٢٠١٣ لە ئەرشیڤ کراوە (https://web.archive.org/web/20130715061432/http://www.footytube.com/forums/the-stands-general-footy-banter/is-messi-a-cheat-for-taking-human-growth-hormone-24083/).

8. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://www.youtube.com/watch?v=_9Sv3rlyRhg). Archived (https://web.archive.org/web/20161015230709/https://www.youtube.com/watch?v=_9Sv3rlyRhg) from the original on ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: |access-date=, |archive-date=)

9. http://forums.pesfan.com/showthread.php?239636-Possible-that-Messi-s-Human-Growth-Hormone-treatment-was-doping

10. http://www.not606.com/showthread.php/109410-Lionel-Messi-hormone-injections

11. http://www.toq8.co/vb/t41243.html

12. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20140723093817/http://mundoalbiceleste.com/Article.aspx?id=2361). Archived from the original (http://www.mundoalbiceleste.com/article.aspx?id=2361) on ٢٣ی تەممووزی ٢٠١٤. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: |accessdate=, |archivedate=) وەیبەک مەشین، ئەرشیڤ کراوە (https://web.archive.org/web/20140723093817/http://mundoalbiceleste.com/Article.aspx?id=2361) لە ٢٣ی تەممووزی ٢٠١٤.

13. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (http://debutionary.blogspot.com/2010/05/lionel-messi-debut-in-grandoli-newells.html). Archived (https://web.archive.org/web/20160305130129/http://debutionary.blogspot.com/2010/05/lionel-messi-debut-in-grandoli-newells.html) from the original on ٥ی ئازاری ٢٠١٦. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: |access-date=, |archive-date=)

14. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://www.youtube.com/watch?v=2v7f_kRx3sg). Archived (https://web.archive.org/web/20121217104058/http://www.youtube.com/watch?v=2v7f_kRx3sg&gl=US&hl=en) from the original on ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: |access-date=, |archive-date=)

15. http://espnfc.com/news/story/_/id/1458340/copa-libertadores-newell-old-boys-hold-boca-stalemate?cc=4716

16. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (http://www.telegraph.co.uk/sport/football/competitions/champions-league/5099857/Franck-Ribery-the-man-to-challenge-Lionel-Messi-and-Barcelona.html). Archived (https://web.archive.org/web/20170828160930/http://www.telegraph.co.uk/sport/football/competitions/champions-league/5099857/Franck-Ribery-the-man-to-challenge-Lionel-Messi-and-Barcelona.html) from the original on ٢٨ی ئابی ٢٠١٧. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (help) (Check date values in: |access-date=, |archive-date=)

17. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20170604033141/https://en.wikipedia.org/wiki/Pro_Evolution_Soccer_2009). Archived from the original on ٤ی حوزەیرانی ٢٠١٧. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date= (help); |archive-date= (help)

18. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20170604033127/https://en.wikipedia.org/wiki/Pro_Evolution_Soccer_2011). Archived from the original on ٤ی حوزەیرانی ٢٠١٧. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date= (help); |archive-date= (help)

19. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20170604033136/https://en.wikipedia.org/wiki/Pro_Evolution_Soccer_2010). Archived from the original on ٤ی حوزەیرانی ٢٠١٧. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date= (help); |archive-date= (help)

20. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20131004075930/http://www.adidas.com/us/messi-soccer/_/N-1z128npZ1z13y8w). Archived from the original (http://www.adidas.com/us/messi-soccer/_/N-1z128npZ1z13y8w) on ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |accessdate=, |archivedate= (help); وەیبەک مەشین، ئەرشیڤ کراوە (https://web.archive.org/web/20131004075930/http://www.adidas.com/us/messi-soccer/_/N-1z128npZ1z13y8w) لە ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣).

21. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://www.youtube.com/watch?v=_4OYLx2AJ9I). Archived from the original (https://web.archive.org/web/20141102115757/http://www.youtube.com/watch?v=_4OYLx2AJ9I) on ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date=, |archive-date= (help); |date= (help)

22. http://www.youtube.com/watch?v=SydoHYTAbDs

23. http://www.youtube.com/watch?v=ok-0zpxtdzw

24. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (http://www.1000goals.com/herbalife-signs-a-deal-with-fc-barcelona-leo-messi).) Archived from the original (https://web.archive.org/web/20160319172736/http://www.1000goals.com/herbalife-signs-a-deal-with-fc-barcelona-leo-messi) on ١٩ی ئازاری ٢٠١٦. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check (date values in: |access-date=, |archive-date= (help)

25. گۆڤاری تایم، http://www.time.com/time/specials/packages/article/0,28804,2111975_2111976_2112092,00.html وەیبەک مەشین، ئەرشیڤ کراوە (https://web.archive.org/web/20130814025502/http://www.time.com/time/specials/packages/article/0,28804,2111975_2111976_2112092,00.html) لە ١٤ی ئابی ٢٠١٣.

26. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://www.facebook.com/LeoMessi). Archived from the original (https://web.archive.org/web/20170519001954/https://www.facebook.com/LeoMessi) on ١٩ی ئایاری ٢٠١٧. Retrieved ١٨ی نیسانی ٢٠١٢. (Check date values in: |access-date=, |archive-date= (help)

27. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20141004000712/http://www.fundacionleomessi.org/index.php?lang=en). Archived from the original (http://www.fundacionleomessi.org/index.php?lang=en) on ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date= (help); |archive-date= (help)

28. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (http://www.unicef.org/infobycountry/costarica_58327.html). Archived (https://web.archive.org/web/20160304204317/http://www.unicef.org/infobycountry/costarica_58327.html) from the original on ٤ی ئازاری ٢٠١٦. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date= (help); |archive-date= (help)

29. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20151018014746/http://www.unicef.org/lac/media_21066.htm). Archived from the original (http://www.unicef.org/lac/media_21066.htm) on ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |accessdate= (help); |archivedate= (help)

30. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://en.wikipedia.org/wiki/2011_Copa_Am%C3%A9rica#Goalscorers). Archived (https://web.archive.org/web/20161113094121/https://en.wikipedia.org/wiki/2011_Copa_Am%C3%A9rica#Goalscorers) from the original on ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. (Check date values in: |access-date=, |archive-date=)

31. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://www.youtube.com/watch?v=t0BGS34CyuU). Archived (https://web.archive.org/web/20111220233647/http://www.youtube.com/watch?v=t0BGS34CyuU) from the original on ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date= (help); |archive-date= (help)

32. "Lionel Messi says 'it's not my best' Copa America after Argentina beat Venezuela" (https://web.archive.org/web/20190814180304/https://www.barcablaugranes.com/2019/6/29/19645346/lionel-messi-says-its-not-my-best-copa-america-after-argentina-beat-venezuela). Archived 29. ی تەممووزی 2019 from the original (https://www.barcablaugranes.com/2019/6/29/19645346/lionel-messi-says-its-not-my-best-copa-america-after-argentina-beat-venezuela) on ١٤ی ئابی ٢٠١٩. Retrieved ١٤ی ئابی ٢٠١٩ – via (barcablaugranes. Check date values in: |access-date=, |date=, |archive-date= (help)

33. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (http://www.barcelona.com/barcelona_tickets/fc_barcelona_football_tickets/players/lionel_messi). Archived (https://web.archive.org/web/20170728065438/http://www.barcelona.com/barcelona_tickets/fc_barcelona_football_tickets/players/lionel_messi) from the original on ٢٨ی تەممووزی ٢٠١٧. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |access-date=, |archive-date= (help)

34. "وەشانی ئەرشیڤکراو" (https://web.archive.org/web/20130806081126/http://www.fcbarcelona.com/ar/football/first-team/staff/players/messi/biography). Archived from the original (http://www.fcbarcelona.com/ar/football/first-team/staff/players/messi/biography) on ٦ی ئابی ٢٠١٣. Retrieved ٤ی ئابی ٢٠١٣. Check date values in: |accessdate=, |archivedate= (help); ٦ی ئابی ٢٠١٣ لە وەیبەک مەشین، ئەرشیڤ کراوە (https://web.archive.org/web/20130806081126/http://www.fcbarcelona.com/ar/football/first-team/staff/players/messi/biography).

بەستەرە دەرەکییەکان

- ماڵپەڕی فەرمی مێسی (https://messi.com/)
- پەڕەی تایبەتی مێسی لە فەیس بووک (https://www.facebook.com/leomessi/)
- پرۆفایلی مێسی | ماڵپەڕی فەرمی بەرشلۆنە (http://www.fcbarcelona.com/football/first-team/staff/players/messi/biography)
- وێنەکان:لیۆمێسی | کامانز (https://commons.wikimedia.org/wiki/Category:Lionel_Messi)

وەرگیراو لە
«https://ckb.wikipedia.org/w/index.php?title=لیۆنێل_مێسی&oldid=944053»

دواجار لەلایەن **AramBot** ٢٩ ڕۆژ پێش ئێستا **دەستکاری کراوە**

ویکیپیدیا